رۆمانە شیعر

# کۆچباری گزنگ

ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

٢٠١٢

ناوی کتێب: کۆچباری گزنگ
بابەت: رۆمانە شیعر
ناوی شاعیر: ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان
تایپ: ئومێد جاف
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١٥٨)
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم: ٢٠١٢
تیراژ: (٥٠٠) دانە

بەیانییەك
ئاسۆ لەتاو ناڵەی مرۆڤ
داوی تیشکی دەهۆنییەوە
بۆی بکرایە
گێتی بەگڕ رادەکێشا
گلێنە لەچاو دەترسا
بوخچە نەبوو ژانی مرۆڤ ڕاپێچبکا
مناڵ لە باوکی دەگەڕا
بەیانییەك
وێڵبوون لە دوای دەنکە هەناری کازیوە و..
تیشکی چرا
هێشتا تاریکی
ماڵئاوایی





لە ئەستێرەو لانکی شەو نەکردبوو
هێشتا زۆرکەس بێئاگابوون
لە پرسەی هەناسەی هاوسەر
پەنجە دەبووە بزمارو
شانەی فیشەك تەبڵاکی سەر
دەرگا نەبوو لە حەژمەتا هەڵنەلەرزێ
دیوارەکان سوورەتی ترسیان دەخوێندەوە
وێردی سەرەمەرگ
لەسەر رایەخی ئافرەتەکان
وەکو تۆوی شووتی شیندەبوو
شوورەی ماڵان، کووچە و داڵان
باڕەشی زیندانیەکانیان هەڵگرتبوو
خەڵکینە: شەو نابێ بڕوا
کێ تاریکی دەدا بەدەستی چەتەوە

گۆرانی پەلکی ئەستێرەو
سروودی دوا ڕەوی مەرگبوو
کێ دەتوانێ لە ماڵەکەیا پاڵ داتەوە
لە بوونی خۆی بیرکاتەوە
لەدایکبوونی سەریتی گلۆڵەی خەوبوو
شار باژەڵە
کۆرپەی خۆزگەی رادەژەنی
خەڵکی فریشکیان کەوتبوو
ئالەم سوورە بەیانییە
ڕێواسی ڕێ
لە جەرگی خاك هەڵدەپەڕی
زار بەدەم
پەنجە بەدەست
گەردن بەگوێ





گوێ بەدەنگ
هاوار بەکزەی با
تاریکی بە مانگ و
مانگ بە ورچی خەون دەوەڕی
دڵ لە کوانووی چقڵە زیی ناخ
لە تۆڕی ریخۆڵە جەڕی
پیاو بەرگی ژنی دەپۆشی
سمێڵ بە گوێزانی سەحرا دەتاشرا
ئەوەی رەشبوو
لەنێو رەشا داپاچرا
نیوەڕۆ هات
وەکو دەنکە هەنارێکی
لە دامێنی گزنگ جێماو

چاوەڕوانی باڵی بۆری ئێوارەبوو

بایەك لەگەڵ مەرگەساتا تێکەڵدەبوو

بەم بایە هێندەی نەمابوو

گەڵای دارەکان باڵبگرن

بۆ کەس هەیە..؟

لەنجەی گوڵی لە ساباتی گەرمەسێردا

لە رۆخی ماتی هەڵدێرا

لەسەر تەختی سینەی رووبارا نەدیبێ

شەوێکی تر

تەقەی لە دەرگا هەڵسان و

کراسی تاریکی لەبەر تەرمی سروشت کرا

ئەمە نەفرەتی چیایە

لە ورژمی درۆ دەکرێ

ئەمە کۆچباری گزنگە..؟!





بۆ مرۆڤی دووسەر دەبرێ

حەشاماتە

هەنگاوی ماتی خنکاوە

گۆشەی مافی چرۆی دادە

کەرامەتە یاخود باجی دەرامەتە

نووسەرانی سەردەم

قوڕەژیلکەو ماری سێ دەم

رووانیان باران دەنکی برنجە

دڵیان ئامانی بەتاڵە

خەوی پێوە دەبینێ

شاعیرەکان خۆزگەیان خواست

بتوانن پێنووسێك بکڕن

خۆنەیانویست

وەکو قەسابی شارەکان

به دۆلار تەویلّیان بسڕن

چەند سالّێك هەر قوڕاویان ڕشت

ئێستاش شوێنێك دەستناکەوێ

بۆیەك مەترە دیوار بشێ

هەرچی دەکەین

بەفوویەکی ئەم گێژاوە

وەك ژیلەمۆ دادەڕووشێ

پاشان بەزمەکەیان

بووە نەزمی نیوە بەنیوە

بەخوێن پیّلاّومان بۆیە کرد

گۆرەوییەك پەنجەی پێمانی نەدیوە

با هەوالّی تەیموورلەنگی هێنایەوە

رۆژنامەکان رایانگەیاند

لە ئەنقەرە گەزۆ دەبارێ





لە گەرماوا سەگ دەشۆنەوە

مێشکی مرۆڤ دەگۆڕنەوە

زیندوو سەر دەبڕن

جەستەی مردوو

لەنێو بەفرا دەهێلّنەوە

هەوالّێکی سەمەرەیە

هەر شاعیرە مامە خەمەی

ئەم دەڤەرو سەفەرەیە

لەنێوانی ژانەکانی سات هەلّوەرا

لەشیعری سیای شاعیری دەربەدەرا

کونجێك لە وشەی سوواوە

لە دەروازەی ئاسۆی پرشنگی تواوە

ئاوی مەندو

بەفری چیایەك..

بۆ سەرسەختی خاك ڕوواوە
بوومە باڵی ئەو نەورەسەی
بۆ زامداری
دەریای ناسۆری گەڕاوە
تۆ شێرپەنجەی گرێدراوەکان
لە باسکی مێژوو دەبینی
کەسەری ئادەمیزاد
بەتاڤگە بەڕێدەخەن
دۆڵێك لە کۆشی نەرمە گڵا خەو بیباتەوە
ڕۆخێکی ئۆغرۆ داوێنی بەرنادا
مەلێك هێلانەیەك
لەسەرچڵی دارتوویەك هەڵچنێ
زەردەمارێك بۆ خواردنی





بەباڵای لاسکی ئارەزوویا هەڵدەزنێ
ئەمە سروشتی بەدکارە
ئەمە هەیەجانی هەستیارە
کوا دیوانێك ببێتە پۆشاکی برسی ؟
کەی شاعیرێك لە مەجلیسی بوونا دیارە؟!
بەیانیان دیدەی لە نیوەڕوان زەقکردووەتەوە
شەوگار گەردنی ڕۆژگار لە کۆشیا
دەستی تاریکی دەیخنکێنێ
ئێمە هەڵمەتی دارو دەوەنی بێسایەین
ئێمە نیگاری زامێکین
چقڵ ژیاری سنوورە جاڕە
خوێن ئاوێنەی کارژۆڵەی خۆزگەی بڕیارە
نەفرەت سێبەری هەنگاوی کزەی بایە
ناسنامەمان گیرفانی تەمی چیایە

شیعر.... داخ لەم پینەی سەر ئێسقان و
برینەخوێی گردو هۆڕە
پێنووس دەوەنی ڕەشماڵە و
وشە بۆ عومری شاعیران گۆشەی تۆڕە
ئەوەی بە دوای مردنی خۆیا دەگەڕێ
ئەوەی بەدوای پەرچەمی
سێدارەی وشەی ناسکا هەڵدەگەڕێ
براڕۆیە
شیوەنی دایك سووتاوە
پەڕەی زەرد هەڵگەڕاوی هیرۆیە
تۆمار ژاوە ژاوی شریتە رسکاوەکانە
گۆرانی لاسکی سووتاوی هەڵبەستە
ئاواز گڤەی بایە و
تەرمی کانی لەسەر دەستە





بۆ کێ بگریم..؟!
کێ بیر لە من دەکاتەوە
بەیانیان بە جگەرە لە خەو ڕادەپەڕم و
نیوەڕوان
لە ژێر باڵی زڕە گەرمادا پاڵدەکەوم
کە شەویش دێ.. گیزەی پێشکە
سەمفۆنیای بتهۆڤنە
هاودەمی ژێر ڕایەخەکەم
جاڵجاڵۆکەو رمبازێی بۆقی چڵکنە
خەو ئەگەر جارێك باوەش بەمنا بکات
من دوو لاقی هەڵدەکێشم
ئیتر نەخشە بۆ دوارۆژی
ئەم تەمەنە زەردە ڕۆیەم
چۆن ڕاکێشم

بۆ بکێشم
کات چڵی بێلانەی باڵدارە
هەڵوێست دەنگی نەفرەتی رێبوارە
سەرمان لە توێی زاما جەڕاوە
دڵمان لە موولوولەی داگیرساوا بەندکراوە
دەڵێن مێژوو خاڵێکە
لە باسکی رۆژگار کوتراوە
بیرەکان لە کارتۆنی مێشکە بەتاڵەکانا
هەرە لەیلێ.. بۆ بارخانەی بێشوێن دەڵێن
ساتەکان لەیەك دەچن
میللی زەمەن لە گڕستانی دەروونا
وەکو ئارەقەی برسییەکان
بە دوای کۆچباری گزنگ و
ماڵاوایی نانا هەڵدێن





لەکەیەوە گوندەکانمان
وەکو فارغۆنی بەرلێشاوە سامناکەکان
بوونەتە فافۆن فرۆش و
بەر گوللەی وێڵ دەکەون
بێژنگی ڕووانینمان..
ئالوودەی مانگێك زامدارە
هەورە ڕیچکەی ئەم کۆچبارە
مێروولەی بێدان و شارە
لە شەفەقی روون دەگەڕێ
تۆ دیوتە ئاسۆ وەکو مرۆڤێکی فێدار
سوورو شین و زەرد هەڵگەڕێ
تۆ دیوتە کۆترێك
شاباڵەکانی بەدوای تیشك دەبەستنەوە
چۆن لە تاوا هەڵدەپەڕێ

پرسیارم کرد لە ئاو باریك
لە گوڵە حاجیلەی تەریك
نامەم خستە گەرووی سیروانەوە
لە لانکی خاسەدا کۆرپەی شیعرم لاوانەوە
تیتراوسکە بێلانەکانم ناردە خزمەتی گۆلەمە
دارهەنارەکانم ماچکردو
رەگی ژاڵەم لە هەتوانە تاڵەکانا خواردەوە
بەرۆکی دارسنەوبەرەکانم راوەشان
جامانی چیاو
کۆڵوانەی هەورو
دەسماڵی گردۆڵکەم تەکان
هەواڵتان لەکێ بپرسم..؟!
جەستە لەسەری خۆی دەگەڕێ





دڵ لە قەفەسی ئاراما هەڵدەوەرێ
ئەوەندە گلێنە لە تەلبەندی روانینا هەڵوەریوە
هێندە گڵکۆ باسکی زەمەنی دزیوە
ئەوەتا بەرواری نەبوونیمان
لە مێشکی مێژوو کوتراوە
دەستەکانیشمان لە رەگەوە هەڵکەنراون
بۆیە مێژوو بێ سەرو بەر
بە دوای رەشەبایا هەڵدێ
نهێنی زریان دەیزانێ
سروودی باران..
لە گەڵای دارەکان بەرزدەبنەوە
ئەم خاکە لە قەتاغەی گێتی دابڕاوە
شەو پێستی گورگەو

لەبەری مامز کراوە
نەکەی لە شاعیر بپرسی
پەڕەی دڵی فوودراوە
شوانکارەی مێگەل جێماوە
هانا بۆکێ بەرم..؟
ئەوەتا زەمین لە هەنگاوەکانم وەڕسبوو
ڕەشەبا لە سکاڵای گوڵ ئاوسبوو
نە دەنگێ و نە ڕەنگێ
بەیانییەك.. دووان و هەزار
تەنی رۆژگارم
لەسەر کۆشی دورگەی ژانم
کردووە بە مەلۆتکە
چاوەکانی گزنگ بۆ کۆچی رۆژ
پڕە لە ئەشکی بەفرین و ووردە لۆکە





کە زامێك بە تاڵی وشە دەدوورمەوە
باوەش بۆ ناونیشانێك دەگرمەوە
ژانی لەدایکبوونی هۆنراوە
دیدەی خۆرە
خوێنی باوەڕی تیازاوە
لە پیتی کافەوە دەستم پێکرد
لە نوونا باڵبەستیان کردم
لە گۆڕێك گەڕان
شوێنەوارێك جێنەهێڵێ
من هێشتا بەناو زیندووم
پێیەکانم دەدەنە بەر دەمەبێڵێ
چەند ساڵە هاودەمی شانمە
رەنگە ئەو جۆگەلانەی زامدارم کردوون
نزایان هاتبێتەدی

بۆیه رۆخێك..
بەر چەپڵەی شاڵاوێك بكەوێ
شوێنەواری برینێك
لەسەر جەرگم دەردەكەوێ
شیعرێكی ئاوارە
لە جۆلانەی برینی ناخما دەسرەوێ
لە هەتاوم پرسی
بۆچی شەوانە گوڵە ماچێكم بۆ نانێرێ
سكاڵای دەربڕی
ئەی بۆ وەكو مانگ
چوارچێوەی بە ئەستێرە ناگیرێ
لە شاباڵی هەورە نزمەكان
خوانی بیرەوەریم دروستكرد
لە ئاوێنەی جۆگە روونەكانا





تۆماری مێژووم لە گلێنەی ئەستێرەو مانگا بەدیكرد
خۆشەویستی ردینی حاجی قادر بوو
ژیلەمۆی نێو پەرچەمی سووری ئاگر بوو
لەم بەیانییە رەنجەڕۆیە
خۆر بوو بە دەروازەی كۆیە
هێندە بەفر رووی شەقامی سپیكردووە
شیعری سووریش لە بینایی زوقمی رێگا
بۆ رۆژ دەمی دەكردەوە
گزنگ تۆرا
سروشت دەوەنی باڵە شەختەی
بەسەر كاكۆڵا داچۆڕا
ئەی چۆن ئەم كۆترە شینانە
لە كاك (ئەحمەدی) شێخەوە
بنەو كۆچباریان بۆ ئەم شارە گوێزابووەوە

مەنارەى مزگەوتەكان

دەتووت ئەو دارە مەزنەيە

لە دڵى(مەولەوى) شينبووە

من پەرييەكم نەبينى

باڵى بەفرو

چاوەكانى وشەى هەڵبەستى خۆڕسكبن

قەتارەى مەلە دڵشكاوەكانيش

لە سنوورى خوێن و ئێسقان و ئێسك دەچن

ئەمەيە كۆچبارى گزنگ

وردە ئەشك و دانەى ئاورنگ

بەسێبەرى هەورە كۆچەرەكانا

دواى كاروانسەراى رۆژگار كەوتم

ئەوەتا هەر لە رێگام و

گۆڕهەڵكەن و دارەمەيتم





لە(نالى) يان پرسى

ئايا(حەبيبەى) خۆشدەوێ؟!

چيايەك بەشەرمەوە سەرى دانەواند

نم.. نم چلوورەى شەختە

بەگەردنيا هاتەخوارێ

لە دەرگاى(شەميان) دا

نەيانزانى بۆچى دەگرێ

هێرۆيەكيان لە كەنارێك جوێكردەوە

بينيان وا خەريكە زەرد هەڵگەڕێ

هاتن شاعيرێكيان بە گوڵاوى شيعر شووشتەوە

تەماشاى زامەكانيان كرد

لەگەڵ خەندەى كۆرپەى شيعرا

گزنگ مەمكى لەدەم ناوە

سروەى بەيانى تاراى خۆزگەيەتى

چەپڵەی تیشك و ئاو فرمێسکی گەرمی دایکێتی
لەو رۆژەوەی کازیوە ئاسۆی جێهێشتووە
ئەوینی گڵ وەکو قەقنەس
لەلانەی دڵما نیشتووە
خۆ من مانگم سەرنەبڕیوە
گەردنی خاکم نەتاسانە
نیگای ئەستێرەیەك بۆ خاکی جەرگم هەڵنەفڕیوە
رۆژ لە کەل دەرناچێت و
ئەم کۆچی گزنگە تەواو نابێ
بۆ لە خەزاڵ ناپرسن
تەمەنی خۆشەویستی درێژە
یان باڵی خوناوکەی کازیوە
بڕۆن تارای دڵی(سێویّ) هەڵدەنەوە
حەز بەتیشکی خۆرو زریوەی ئەستێرەکان ناکا





ئێستا لە گۆڕێکی تەنگا
کامیان باوەشی بۆ دەگرنەوە
لە سروە گەردو خۆڵ نابارێ
گلێنەی زەریایش وردە بارانی رەحمەتە
لانەی سەرچڵی ستوونی ئاسمان
دابڕانی لاپەڕەی تاریك و روونە
ئەم کۆچبارەش هەڵکشان و
وەرزە نیگای گەڕانەوەو هاتووچوونە
لە شەوێکی وردە بەفرا
لەنێوانی گەردی نوورو
نزای ئەستێرەی ژێر هەورا
دەرگا لە پرشنگ دامەخەن
لە گوڵە ئەستێرەکان بپرسن
لە بەرۆکی سوخمەی ئاسمان دابڕێن

لە گەردنی خاك ناترسن
من هەتا ئێستا
پەروانەیەکم لە نیگاما گلنەداوەتەوە
دەزانم بڵێسەی سەرنجم
وشەی رووناکی ناخواتەوە
بولبولی سۆز لەزریوەدا ناباتەوە
ئەوەتا گزنگ کۆچی کردووە
دار ئەرخەوانەکان وشك هەڵگەڕاون
لە ئاستی رۆژ کرنۆش دەبەن
کاتێك پێدەگرن و خوا دەناسن
دەکەونە دوای کۆچباری گزنگ و با
شیعر لە کام گۆشەی سووتاوا
مۆلەقەی مردنێتی
ئەوەتا بەرد باران دەکرێت و





خۆڵەمێشی هەوارەکان کێشی ئاڵی گەردنێتی
شیعر چییە؟ نەبێتە سەنگەری چیا
شیعر چییە نەکەوێتە دوای کۆچباری گزنگ و با
لە چاوانی کام رووبارا؟
کام رێگای پەستی ژیارا
لەسەر ناوکی کام بەڕووی گڕاوی
لەنێو جەرگی کام خاکی کۆرپە سووتاوا
برسێتیان بۆ شاعیران هەڵکۆڵیوە
کێ نەگبەتی وەکو نووسەرانی دیوە
کاتێك بە شەقامێکا تێدەپەڕی
بار هەڵگرێك لە ژێر بارا پێی هەڵکەوێ
شێتێك بە چەپڵەڕێزان مناڵە وردکە
دوای بکەوێ
گەدایەك لەسەر پردێك بناڵێنێ

پێخاوسێك بەدەم شەقەوە
فرمانی سۆزانی بەجێبهێنێ
ریشۆڵەیەکی گەرمەسێر
لە گۆشەیەکا مل هەڵکێشن
ڕەشو ڕووتان بۆ لەتێك نان ئاخ هەڵکێشن
رەزێکی ترێ لەگڕا دەستی مەرگ بیباتەوە
مناڵێکی رووتەڵە.. لەسەر چارۆگەی سواڵکردن
مێش لێیبداو.
دەستی مردن پێڵووەکانی هەڵداتەوە
هەموو ئەمانە شاعیرانی ئەم سەردەمەن
سەر بە هەر کۆگایەکا دەکەیت
گۆڤار و رۆژنامە کەڵەککراوە
پەڕەکانی لە دڵی شاعیران بێگەردترن
دەستێکیان لێنەدراوە





شاعیرانیش لەسەرە کارتۆنێك دەگەڕێن
دەسنووسەکانیان لەسەری گوڵڕێژبکەن
کە دێیتە سەر تانەو تەشەر
هەر شاعیرە پەڕەی دڵی
بۆ لۆمەو جوێن رادەخەن
ئەمانە نیشانەی کۆتایی جیهانە
کەر دەجاڵ بیست ساڵە شارەکان دەگەڕێ
هەر شاعیرە بۆ ئەم بەزمە
ئابڕوو بەرە هەڵناپەڕێ
بۆیە روو لە هەر شوێنێك بکەن
بە گوللەی جەور هەڵیان دەبڕن
دەیانەوێ گۆرانی سەرشۆڕی بچڕن
ئەوەی قسەیەکی لەنگ
بۆ شاعیرانمان هەڵبەستێ خوا دەیگرێ

شیعر نەبێ
دڵنیابن ئینسانیەت یەکسەر دەمرێ
بەیان.. بەیان
پەخشەر هاتە سەر رووی شاشە
بەیان خوێندرایەوە
(با) لە خۆشییا چەپڵەی لێدەدا
(گزنگ لە خۆر عاسی بووە
هەور عاشقی بەرماڵ و
نوێژو خواپەرستی بووە
کێ کازیوە لە گەرووی هەور دەردەهێنێ
کێ دەتوانێ بەرماڵ لە پەرستگای نمەی بارانا بفڕێنێ)
هەواڵەکان وایان دەووت
بەیانەکان باسی تۆف و بایان دەکرد
لەپڕ کارەبایان بڕی





شاشە کەوتە مۆریجانە
چەپڵەیەك لێدرایەوە
وزەی کارەبا گەڕایەوە
بە دوای یەکدا هەر بەیان و
دەنگوباسبوو خوێندرایەوە
لە هەندەران کوردێك ورکی گرتووە
لە کۆسۆفۆ ئافرەتێك خۆی سووتاندووە
( لەتەل زەعتەر) کیژێکی شۆخ
بارەگایەکی بیانی تەقاندووە
هاولاتیانی خۆشەویست
ئەمە بوو دەنگوباسەکان
ئێستاش کاتی هەواڵێکی ئەدەبییە
ژیاننامەی شاعیرێکی بیانییە
چەندین جار بڕوانامەی نۆبەلی وەرگرتووە

شەوان حەز بە مەلەدەکات
ڕۆژی دوو سێ میل رادەکات
گۆشتی قەل و ئاسکەی کێوی و بەراز نەبێ
حەز بەخواردنی تر ناکات
ئەمانەو زۆری دیکەم بیست
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
ڕووانیمە نیگای ئاسمان
دەبینم ڕەشە مووی زریان
بۆ بارانێکی بەلێزمە رەق وەستاوە
شاهۆیەکی بێپەڕو باڵ
ڕووی لە گۆشەی ژیان ناوە
ئالەم کاتە سامناکەدا
شریقەی ئاسمان دابەزی





خوێنی جەرگ و دڵم تەزی
گرمە گرمی بەیانییەکم بیرکەوتەوە
لە زێرابا ناوی خودامان دەهێنا
خۆمان دەکرد بە ئافرەت
سمێڵ و ریشمان دەتاشی
بە ئارایشت خۆمان دەگۆڕی
نەوەکو بمانناسنەوە
کێ دەیتوانی لەناو چاڵی بیرا بێتەدەرێ؟
کێ دەیتوانی؟!
دەست بۆ داوێنی خۆی بەرێ
باران دایکرد
خوێن لە گیانمان کەوتە گەڕان
پەلکەزێڕینە مژدەی مانەوەی هێنا
کەوتینە چاوبڕکێ لەگەڵ رایەخ و نوێنا

دیسانەوە

بووینە وێردی گێڕانەوە

گزنگیان بە چمکی کەوای هەور هەڵواسی

رەوێکی بێڕابەر

دارو بەردی بەپێلاو داپاچی

ئەی شاعیرە رووتەڵەکە

ئەم جارەیان چۆن دەردەچی و؟!

بۆ کوێ دەچی؟!

ئەوەتا بارەشێك گورگێکی برسییە

لمۆزی بۆ دەرگای تەفرەدان هەڵبڕیوە

دایکێك لانکێ گچکەڵەی دوو رۆژە

بۆ کۆرپەلەی هەناوی کڕیوە

چەند ساڵێکە هەڵۆیەك

بۆ ئاسمانی ئەم دوورگەیە هەڵفڕیوە





ئەم خاکە لە مەیدانی جەنگ دەچێ

ئەم جگەر گۆشەیە

لەگەڵ کۆچبارا هەڵدەچێ

هەموویان لە ڕەون

بەسەر نووکی سەوزەگیایا سەردەکەون

دەتوانی لە ماڵەکەتا بمێنیتەوە

خۆت بکە بە کوێر

کاتێك بە پرچ هەڵتواسن

دەبێ چاوەکانت بکرێتەوە

ئەمانە بە بارووت دەتپێوون

بە گوللە دەت ناسن

ئەی چارە..؟ چۆن بدوێی..!؟

گرێی دیلێتی لە زارتا دیارە

کەواتە رێکەوە یەك ڕێگات لەپێشە

لە گزنگ زیاتر نیت
(با) بکە بەباڵ وەك هەڵۆ بۆی دەرچۆ
تۆ گیانێك خوێناویت بۆ شەقڵی هاتووچۆ
من چی بکەم..؟ نەخۆشی شێر پەنجە
روومەتتی بەسەرمۆر نەخشانە
باداری لە لەشتا هەناسەی زریانە
خۆ ناتەوێ لە پێچەی ترسا شەوانە بەسەربەی
دەتناسن.. خوا نەبێ دەرباز بوون مەحاڵە
وا چاکە بارخانەی کۆچبارت ڕێکبخەی
بە رووپۆشی گەواڵە روومەتت داپۆشە
پشتێنی کازیوە لە بەژنت ببەستە
بەڵام کوا هەتاو..؟! دەمێکە بزرە
جەستەی زامداری گزنگی راخستە
دەیەوێت برینی ئەم سەر زەمینە





بەچەپکێ هەوری گەرمەسێر بسڕێ
ئەی کەسێك لە خوێنیا تلبخوات
ستەمیش بەتیری ژەنگاوی جگەری هەڵدڕێ
پێمناڵێن دەستی سۆز بۆ لای کێ هەڵبڕێ
(تیتر واسك) بتەوێ لانەکەی تێکبدەی
بروسکە بۆ پەری سروەی(با) دەنێرێ
بەچڵپاو پەڕو پۆی تەڕدەکا
تۆ ئەی مرۆڤە کلۆڵەکە
وامەزانە کەس ناڵەت نابیستێ
ئەستۆی ناکاتە سەرینی کۆچبارت
دانەی شەونمی چرۆی رۆژ
ناگاتە سەر شیلەی گوڵزاری زارت
شاعیر لە شیعرێکا بتوێتەوە
وشەیەك هەر دەبێ

شەوانە ئارامێك بە گیانی بدا
لە لانەی خۆزگەیا
گوڵی عەشق بڕوێنێ
سروەی هەناسەی خۆزگەی بەفری چیا
نەرمەبای ڕەهایی بۆ بێنێ
چەند هەڵدێر.. لوتکەی نۆغرۆیان هەڵلووشیوە
لە پەڕەی دڵی خاك هەواریان خاڵییە
چەند مەلی کێوی لەم شارەی ئێمەدا
لەنێو قەفەسی جەفادا ماڵییە
ئەمڕۆ بێ یان سبەی
بەوێستگەی بوون دەگەی
چرای تەمەنی ڕۆژێك نوێ هەڵدەکەی
کازیوە نەرمەبایەك لە دڵیا
شمشاڵی سۆمای کەژو کێو بژەنێ





تەمی چیا دڕ ئەداو.. گردەمەند دەخەملێ
شاعیرێك بەسەر گۆڕی نەمرێکەوە
هۆنراوە بۆ پاکی و ڕەنج دەڵێ
کۆچباری گزنگ و ڕەوی کەو
گەردانەی شەوو ڕۆژ لەملی یادگاری دەبڕنەوە
ڕێگاکان بارگەی هەنگاوی پەشێون
وەك سێبەر بەکۆچی هەورەکان دەتوێنەوە
لقێکی ڕۆژگارم
چڵێکی سەر ڕۆخی ڕووبارم
بە بەردی دەربەندی ئاوێکی قەترانی
ناووکیان بڕیووم
گەڵایەك لە هیرۆ تەوێڵی سڕیووم
لە سەمای دارەکان تێر نابم
بەدەنگی تاڤگەی ڕوون دەوورژێم

قەدپاڵی لووتکەیەك نەبێتە هاوڕێم
ناتوانم لە زەریای ئەسکلا بژیم
زاری بەرد لێشاوەکان دەیزانن
گۆرانی بارێزە.. بروسکە گوێ ی بۆ ڕادەخەن
لالەزار نازی گۆڵ هەڵدەگرێ
شەماڵێك لە بۆنی بەفر دەچێ
سەرمایەك لە دەمی تەور دەچێ
خەرمانی گەواڵەیان کۆکردەوە
ڕووی ئاسمان بەلەمیتکەی لێبدەیت شەق دەبا
کۆترێك بەلەرزە دامێنی چیایەکی گرتووە
چاوەڕێی سەفەرێك دوور دەکا
چوون شیعرێك لە دڵی شاعیرێك بێزار بێ
بیەوێ روومەتی پەڕەیەك سوور بکا
دەوەنی مشتکی تیغی پێنووسێك





لە ماچی وشەیەك بەرزەڕا دەگەڕێ
سێبەرێك لە دەنگی سوێسکە تێر بووە
زایەڵەی هەڵۆی ماف لە گوێیدا دەزڕێ
کازیوە لە کۆچە و وردەبای شەوانە
هەتاو بۆ رووی خاك بووەتە دێوانە
لەگەڵ دەفکوتی دەروێشی بەیانا
ئەو بەیانییەم بەنیگادا تێپەڕێ
کاروانسەرای پۆلە مەلێك
چاوانی سروشتی هەڵبڕی
شیعرێك بە کسپە لەناخما هەڵوەری
ئەمە کۆچباری گزنگە و
بەردەوامبوونی کۆششە
خۆزگەیەکە بۆ نەمانی کوێرەوەری
خۆر نەبوو بە نان

هەور خۆینەدا لە قەرەی باران

(با) لە کەل روومەتی داڕووشا

چڵ لە چیا دابڕا

ئەم کۆچە بارخانەی ناچاریی مرۆیە

ئەم رەوە پرشنگی راستییەو

گۆڕخانەی تاریکی درۆیە

شەقام سەما بۆ تەل دەکا

چیمەن لە جریوە بولبوول قاڵدەکا

دار هەڵپەڕکێ بۆ مەل دەکا

رێگاوبان روومەتی ئاوەڕۆ تاڵدەکا

دەستێك

مەمکی بڕاو

گلێنەی داڕوشاو

کەللەی بێلووت





ماشێنی شکاو

سنگی هەور قاندەدەن

چڵەکان لە بازووی لاسکیانا گیان دەدەن

خرمەیە

ئاسمان گوارەی کەسکی گڕی لە گوێ کردووە

مانگ مەمکی هەورە

بروسکە تریفەی خوێنی سەر تەورە

بانگ لە گەروی لوولەدا تاساوە

ویژدان لە زاری سەدایا خنکاوە

شەوارەی مەرگی پێنووس و ئابڕووە

پەڕتۆکی پەرەواز

لەسینەی هەوادا مردووە

ئەوەی کەللەی خۆی دانەگیرسێنێ

چاوەکانی لە هەنگاوی بێبەشدەکەن

ئەوەی پەنجەی برِاوی کۆنەکاتەوە
ئەوەی جگەری هەڵنەداتەوە
گەردنی برِاو بۆ گەواهی بەرز نەکاتەوە
باسکی بەستراوی بۆ درۆ درێژ نەکا
زرنگەی زریان بە رِوویا هەڵدەکا
شەو لانەی ئێشکچی و
قۆناخی چەکە
هەرکەسە و گیانکێشی تەمەنی لەتەکە
چۆن دەنوون..؟
خەو زەبری پیلانەو دەروونتان دەدزێ
خوێن خشپەی بارانەو
دڵ دەکا بەزێ
لە هەناسەی خۆتانا مەخنکێن
بۆ کەزی کازیوە





سروودی مان بڵێین
تا کە رِێ هەر کۆچەو
نیوە شەو بۆی دەرچن
مێگەلی بێشوانن
لە رەوی کەو دەچن
کە دەرِۆن زۆر رێگا
کەمینی بارووتە
دەمێننەوە هەوارتان
مەیتەرو تابووتە
گوڵی چیا روومەتتان ماچدەکا
هەنگاوەکان خوێنرِێژن بە نوێژو تکا
هەرکەسەو ئازووقەی ساتێکی لە کۆڵە
وشکە گیا برسێتی تەفرەدان دەژمێرێ
دڵ نەغمەی ئەم رەوە

بەشوێن پێ دەسپێرێ

ئەی چارە..؟! خۆر بووە بە زام و

لە تابلۆی نیگایا پەیوەستی هەنگاوە

ئەی وەڵام دەسکەنەی پرسیارەو

لە گەرووی ئاسۆدا خنکاوە

ئەستێرە لە سنوری تاریکی سڵدەکا

تریفە کانیاوەو

لە دەستی گاشە بەرد رادەکا

ئەم کۆچە نامۆ بوونە

ئەم سەفەرە

سەرکەوتنە یان داچوونە

ئەمڕۆ کەس لە نرخی سامانی ناپرسێ

گرنگ گیان لە بۆسەی مەرگەوەڕ دەرچێ





ئەی ژیان لە گۆشەی شەقامی نامۆیی

ئەی کارێك بتکاتە نۆکەری جودایی

چارەنووسێك راتژەنێ لەلانکی گەدایی

کام شەوبا پەیامی چەوساوە

بەپەری بارانی بەزەیی گەیانە

کوا دەستێك نسرمی هاوینەو

کەی تاسە گەرمەبای زستانە

تۆ رێگای پڕمرۆت لە شەودا بینیوە

تۆ داری بێشەی بەر زریانت رنیوە

کام ستوون لەبەفرا بچەقێ

کام نەشتەر لە ناخی برینێك هەڵچێ

بێدەستی نەوازش لەخوناو دەرئەچێ

تۆ دیدەت بە پەنجەت نەخورێنی

وشەیەك بەتیلەت

لە گۆشەی پەڕەیا نەدوێنی

لە زاری ئارام و پەیڤی جوان تێناگەی

ئەی ئیتر لاوەکی لە گۆشەی غەریبان

چۆن دەتوانی

لەگەڵ دیواری رووخاوا هەڵبکەی

گەروو زمانی داد نەیدوێنێ

دەنگی ناخ سۆزی گڵ نەیبزوێنێ

زایەڵەی دەروون بەزەمین نەگا

ویژدانێك لەگەڵ ناخا نەجەنگا

زەحمەتە بەهای بوون

دەسرازەی هەتاو بێ

کۆچباری گزنگ





تەرمی خۆر هەڵدەگرێ

ئەستێرە لە دڵی گەواڵە دەمرێ

کێشەی ژین

ژانی دڵ بەرۆکی بەرنادا

ئەم خاکەش پێکی رزگاربوون هەڵنادا

لە ماڵەکانی خۆتانا نامۆن

چاوەکانتان چرای کوژاوەی رێگاو بانە

دڵتان دەرگای شکاوی هەوارگەی بێنانە

سۆزتان تاڤگەیەکی سەر هەڵگرتووە

زارتان لە چێژی خەندەی مناڵ بێبەشبووە

بوونتان دەستوورێکە

کێ بیرتان لێدەکاتەوە

نهێنی دەرونتان چیایەکی خوێنینە

کێ دەتوانێ
بەفرمێسکی دڵنەوایی بیشواتەوە
ئێوە سەمای دەنگوباسی سووتانن
لەهەر شوێنێکبن
خۆتان بە نامۆ و ئاوارە دەزانن
لە ناچارییا کۆچدەکەن
لە گۆڕە تاریکەکانا گیانتان جێماوە
دەستی هەزاران پیاوچاکتان گوشی
دەیانەوێ مانگی دەروونتان بکوژێننەوە
ئاگری دۆزەخ بۆ رەنجتان دەکەنەوە
ئەوانەی لانەتان تێکدەدەن
دڕندەن ئەو کەسانەی
گڕ لە خەرمانی رەنجدەران بەردەدەن
کام ئەژدیها دەروونی ئەمانەی تەنیوە





هەنگاوی چاکتان بۆ خێرخوازی دەنا
بوونە سێلاوی مەرگەسات و
بۆ هاوارتان بەڵاو ناسۆریان هێنا
تیشکێك لە باڵی پەری خۆر دەچێ
نسێیەك لە گۆشەی نیگای هەور دەچێ
لە رەوتان تێدەگەن
بوونەتە هاوڕێی ئاسمانی غەریبان
دوێنێ رێزداری سەرخاك بوون
ئەمڕۆ.. دیلن و رەنجەڕۆن
بوونەتە تانەی شان
ئەم رووداوە
ئاوارەبوونی خاکە لە جەرگی راستی
کەس نییە دڵۆپێك ئاو
بخاتە سەر زاری شەهیدێك

خۆی کردووەتە قوربانی مەبەستی

ئێوە پارچەی خەناوکەی دلێکن

پارچەی گەردانەی گلێکن

بە ئەشکی خۆر پەروەردە بووە

هێرشی کۆچێکن

بۆ پاراستنی گیان و ئابڕووە

نیگای خۆر

نووکی پێنووسی دەستانە

مۆری هەناوتان

برینی مێژووە

بەرواری سەربڕاوی هەستانە

بێ جێگا.. لە باسی شکۆداری دەگەڕێن

سەرەتاو کۆتایتان





بۆ دەریای ڕەشبینی جەور دەبڕێن

کۆچڕەوە ژیانتان

بەردی لوتکە

چناری زەردەڕۆ

بوونەتە مەئواو

سرەوت و زادتان

بەرامەی پیاو چاك

ئاورنگی خوێن و

ئارەقەی نەدارن

راستی گەردوون و

پەرستگای رۆژگارن

ئاوازی سۆزتان

چاووگی داری چیمەنی ژاکاوە

هەڵپەڕکێی دیمەنی لێشاوە
لە سەمای مردنی خۆتانا راماون
لە دەرگای نا کەس و بەدکارا وەستاون
شەپۆلی بارێزە کەشتی خەمتانە
سەمای ئەستێرە چرای کوژاوەی دەستانە
خۆرو مانگ
لە تاریکی دڵی هەورا تاساون
جوامێری و ئازادی بوونەتە ناسنامەو
لە تەوێڵی خوێنمژان نووسراون
من دایکم چیایە و
پەرچەمی ڕەشماڵی هەوری سپییە
فرمێسکی روومەتی کانیاوی پەمەییە
خۆشمدەوێ





تامەزرۆم بۆ پرشنگێك
لە نیگای ئاسۆ دەرکەوێ
بەزادی خوێناوی
سکاڵامان لە جەرگی دوندەکان نووسی
گڕکانی خاکمان هەڵلووشی
ئەمانە مێشکیان کرمە ژەن بووە
گیانیان چڵی خەزانە
لە دڵی بەهارمان رۆچووە
بانگەوازی میللەتێکی رەجمکراوین
لەنێو تراویلکەی سەحرادا خنکاوین
کۆرپەکانمان
لەبەرکی دایکیانا تاساون
بەفری دنیامان لەسەر کۆڵەو
بۆ شەونمێك گیانەلامانە

ژینمان خەزان و رامانە

ژانەکانمان چرۆی پەژمووردەی زمانە

خۆریان دزی

ئەستێرەکانیان بەگڕ سووتان

بووینە دراو، بووینە گیرفان

سنگمان لە بولبولی دڵمان بێئاگایە

لەنێو چقڵی کینەدا پەنجەمان جێماوە

خوێن خەنەی بووکی خۆزگەمانە

لەیاد ناچن ئەو رۆژانەی

هەنگاومان دەنا

بەسەر دڵ و سەری براوی خۆمانا

بەردی چیاکانمان توانەوە

دڵۆپێك ئاومان نەدۆزییەوە





بارانێك لە ئاسمان نەهاتە خوارەوە

بەر رووومەتی گڵ بکەوێ

دڵی خاکمان بەنیگا خوێندەوە

تروسکەیەك بەر پێمانی رووناك نەکردەوە

ئێمە پیرەدارێکین

رەگەکانمان لەگڕا هەڵوەرین

پێنووس

پەڕەی بێدەنگ و

شیعری بەستەزمان

بۆ رەنجمان دەگرین

ئەستۆمان بەگڵ پینەکراوە

مەخابن.. برسێتی

شوێنەواری ملیۆن زامی

لە دەمارمانا هەڵکۆڵیوە
چاوەکانمان تۆپی پێن و
بەردی خزاوی نەزانین
بەسەر ناخمانا باریوە
خۆزگە پێش مردنم
پەیامی راستی ئاسمانم دەدی
دەبوویتە تنۆکی سۆزو
ئالآی عەشقێکی ئەبەدی
خاك بەدوای هەورا هەڵدێ
هەر گۆڕەو وەکو گوڵ چرۆ دەکا
بۆنی نێرگزو چیمەنیان لێوەدێ
دەرگای زۆردارمان
کلیلی زمانی ناخمان





لە گیرفانی پاڵتۆی رەشەبا جێماوە
دڵسۆزی هەوارستانی رووخاوە
گوێمان لە بولبولی دڵمانە
گەرووی برینی کردووە بەلانە
ژیانمان دووبارەبوونەتەوە
مەرگی هەست و هۆنراوەیە
باوەڕ دیدەی کوێرە
راستی زاری بڕاوی ئادەمە
لە ژێر زەبرا دەسرەوین
درۆ دروشمی سەردەمە
بۆ چەپۆکێك سەرمان خوارە
زرنگیمان هەڵاتن و
شوێن پێی غەریب و رێبوارە
لانکمان لە رزینی خاکە

هەناسەمان گڕکانی چیای سووتاوە
دەرمانی بەڵاو کەسەرمان
گڵی ئاسمانی رووشاوە
لە دەرگاکانمان
وشەی زوڵمیان هەڵواسیوە
لە مافی خۆمان بێدەنگین
تینووین بۆ تامی زریوە
هەور بووە خوانی نان و
بەبانگەوازی چەوساوە پێچراوە
گیانمان کردە قوربانی بیناکاری و
گۆشەی(پشوو) و حەسانەوە
پەیکەرن.. بەزەییان وەکو بەردی کەنارگۆم
رووناکی داد هەڵنامژێ
رەگی خۆشەویستیان هەڵکێشاو





کینەی دەروونیان تاسەیان دەکوژێ
لە رووبارێك دەچن
برووسکە بیپێکێ
موچڕکەیەك دەریای بیریان ناناسێ
مانگ زاری خۆرەو دەیبڕن
ئەشکی بەیانیان
فرمێسکی نەدارەو
بۆ مەزەی شەوانە دەیکڕن
بەهاتنی شەو و رۆژ ئارام ناگرین
کتێبە پیرۆزەکان بۆ ستەم دەگرین
ناو بانگمان خەونی مانگە
بە تارای تاریکستانەوە
ئارەقەی تەوێڵمان باڵی پەپوولەیە
بەشەوبای زستانەوە

پەلکە زێڕینەمان کردە گەردانەی غەریبەکان
خوێنی جەرگمان دا لە کێلی مردوو
گۆڕی شاراوەی گۆڕستان
کێ گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجەی بینیووە
لە کەپری شەو نوێژی چیا نشین دەچێ
کێ گەڵای دارگوێزی لە بەفرا مژیوەو
پەنجەی نەڕچێ
کاتێك زەنگی ماف لێدرا
رووناکی خۆر لەکەل ئاوا بوو
مانگ بە شکۆوە
لە پێڵووی شەو دەرپەڕی
ئەستێرە بەرۆکی تاریکی دادڕی
تروسکە بووە زمانی هەوار





خاك گریا بۆ کۆچ و ئاوزەنگی شەوگار
دانەی باران
وەکو مناڵی بێباوان
گەڵای داری لاسك ژاکاوی
دەخستە سەرچاوان
ئەوکاتە لە ناخی هەستمەوە
گوێم لە کارەساتی دایکان گرت
بەدوای وشەی تاساوی شاعیرەکانا وێڵبووم
لەبرینی ژێی دەریاکان وردبوومەوە
بەرەو وڵاتی غەریبستان چووم
چاوەکانی رۆژگارەکانم خوێندەوە
مژدەیەکم لە دڵی نەغمەی (با) نەبینی
هەوڵمدا لەسێبەری ئاراما بحەسێمەوە

تەمەنم بەسەربرد

لە ڕێگای مینرێژا بەسەری بەردەوە

لە خوێندنی نیگاکان بێزار بووم

زاری گڕ زەبرو زەنگ دەیزانێ

خۆشەویستیان کوشت و

ژەهریان دەرخواردی خاکماندا

ڕەنجی باران و ئاسمانیان بەبادا

ئەوەتا لە کۆچم

بەدوای زریانا ئاوارەم

کە دەنگێك لەخشپەی دەوەنێك هەڵبسێ

بۆ ناڵەی پێنووسێك دەروونم دەتاسێ

دابڕان نەخۆشییەو

ژوانگە تەلبەندی چاوەڕوانی

نووسین بووەتە ئەفسانە





هەڵبەست شاباشی نەزانە

بەسەرکردنەوەی ئەوانە

لانەمان چاوێکە پڕ فرمێسك

مێژوومان ژانێکە پڕ بەئێسك

سەری برسێتی

وشەی چاپنەکراوی نووسەرانە

لەتە نانی وشکەوەبووی بێگیرفانە

لە پایتەختی چەواشەبوونا

نۆکەری زەبر دەکەین

لە برسانا پەلاماری

سێبەری زامداری سەر دەدەین

لە کوێوە هاتووین

کەی و.... بۆچی دەمرین؟!

شکۆ لە بوونمان بێزارە

شیعر و پەڕە
شەوگارو پێنووس
لە نزان.... دەناڵن کوا چارە؟!
چەند ساڵێکە
ڕەوو کۆچبار تەواو بووە
مانگ پەروانەی دەوری خۆرە
نەمانزانی جارێکیتر
خەنجەری دەیان تیژ دەکەن
بۆ گەردنی ئەو چیایەی
شەیدای شنەی بزەی هەورە
کەوتنە گیان یەك
نەیانهێڵا
ستەم لە کیلانی رقا ژەنگهەڵهێنێ
نەیان هێڵاکۆتری تەریوی گوندەکان





لەلانەی نوێدا بخوێنێ
چییان دەوێ..؟
کانیاوەکان گەڕانەوە بۆ سەرچاوە
دیوارەکان بالآیانکرد
ماڵەکانمان سەریان بەگەلاَ داپۆشی
بەفر ماچی لوتکەی نۆشی
بەڕوو کەوتە پێمەلەی گوڵ
باران پفی کرد لە ئەسکڵ
شیعر پێگرت
چیرۆك بووە چرۆی رۆمان
نازانم بۆ..؟
دەستمان خستە بەختی خۆمان
رەقیب بەشەڕمان بووژاوە
دڵمان لە سۆز خاڵیکردو

گەلێکمان کوشت بە سزاوە

کێ لەم بەزمە بەرپرسیارە

کێ ئاواتمان لە گۆڕ دەنێ

بۆ نەشئەی جوانی سێدارە

جلی کوردیمان بێزان

چیامان بە جامانی تاسان

باوکەڕۆمان لە دڵی ملیۆن ڕەنجەڕۆ و

هەژار هەڵسان

ئەم جارە کێ..؟! لەسەر زاممان هەڵدەپەڕێ

ئەم جارە کێ؟

خۆی دەکاتە

شوانی گورك و رانە مەڕێ

خاکمان دووسەری لێڕووا

یەکێکیان بۆ رۆژهەڵات و





ئەوی دیکەیان بۆ خۆرئاوا

کەوتنە پاڕانەوە لە خوا

ئەی ئەم خەڵکە بەفرستانە

ئەی ئەم خاکە بەفرستانە

دەزگیرانی کام رووتەڵەی هەردوو کێو بێ

خەنەی پەنجەی کام نەوبووك و خوێنی لێو بێ

نەخشەیان کێشا بۆ دادو

ناویان لێنا تەرازووی ماف

نیگای خۆریان کرد بە تەناف

گیانی چەندان بێتاوانیان پێیهەڵواسی

مرۆڤ خۆی و گێتی ناسی

سەدای راستی بەرز بووەوە

چوون بەپیری ئابڕووەوە

کام دەست رێگایان دەتەنێ

پەنجەکانی بەشەختەی چاوانی خاك هەڵبوەریٚ

کام دڵ گۆشەی نابینایە

ببێتە مۆڵگەی مۆرانەو ژانەسەریٚ

پەتی ریسوایی لە گەردن بیٚ

لە خوانی باوان دەریبیٚ

لە خاك و خۆڵی بەریبیٚ

ناوبژیوان بەرژەوەندی شەق وەشانە

تەماشاکەر حەزی لە بەزم و سەیرانە

ئەم هەوارە لە داخی کاری ئەمانە

بووەتە ماکی شێرپەنجەو

هەر ڕۆژەی چیایەکی شیرین لە خزانە

پێنووس ئەشکی (با) دەڕێژیٚ

پەڕە زامی زەمین دەسڕیٚ

وشەی ڕەنگین لە دڵمانا هەڵقرچاوە





خوێنمان نابێتە شەونمێك

بەستەی شادی بەهار بچڕیٚ

بۆیە گزنگ

حەزی لە کۆچبارێك دییە

چاوەڕوانی

بارانی خۆشەویستییە

تۆ بڵێی خۆزگەی نەڕۆیشتن

بنارەکان جارێکیدی ڕوونکەنەوە

تۆ بڵیٚ ی چیای نێرگزەجاڕ

جارێکیدی ببڕنەوە

ئەگەر ئەم جارە نەیارێك

دەست بۆ بەڕوویەکمان بەریٚ

خۆی بداتە بەر سێبەری

ڕەقە بەردیٚ یان پەیکەریٚ

بەرد باران

شیعر باران

رقبارانی بکەن

ئەمجارەیان

دەست بۆ دەمی ناکەس مەبەن

ئەوەتا خۆر ئاسوودەیە

قژی چیا بە گزنگ دەکاتە شانە

گەڵای دار ئەرخەوان

بۆ بەفری بەهاری پێرار

بووەتە گۆشەی هێلانە

(باوە) ئادەم کاتێك کە مرد

نەیووت ئێوە یەکبکوژن

نەیووت ئێوە بێپاڵپشتن

(قابیل) هابیلی سەربڕی





زامێك لە زەمین دەرپەڕی

بۆ ئەوەی ئێمە لە ژانی برا بگەین

بۆ ئەوەی ئێمە لە ژەهری تاوان بگەین

بۆ ئەوەی ئێمە چیدی

رووی خاك بەنینۆك هەڵنەدڕین

بۆ ئەوەی ئێمە

سەرێك بۆ یەزدان هەڵبڕین

بۆ دەبێ هەڵە بە هەڵە چارە بکەین

بۆ دەبێ بەدەستی خۆمان

هاوخوێنمان ئاوارە بکەین

بۆ دەبێ نۆکەری زوڵم و پارە بکەین

کاتێك شەڕی برا کوژی ببڕێتەوە

کۆچباری گزنگ و

مردنی هەست تەواو دەبێ

نیگا پەرژینی چاو دەبێ

کەو دوور لە دەستی راوکەرو
تەلبەندی چەقۆو داو دەبیٚ
دارستان دیدەی لە سۆزی کانیاو دەبیٚ
نیشتمانمان
گوێی لە خەندەی هەتاو دەبیٚ
پرشنگ باوەڕی گەلێك بێت
رێگای پیرۆزی و نەمری
وەکو گوڵ و سۆزی باران
بۆ شادی و ژیان
دەبنە پاڵپشت و بەرگری
دەرفەتەکان کەسك دەنوێنن
خۆزگەکانمان رازاوەو شکۆفەدارن
نیازپاکی ئەنجامانە
پسوولەی ئەندێشەمان پاڵتۆی بایە





رووی زامداری چیاکان دەسڕن
مەگرین لە دووی لالەزارێك
چڵی سووتاو.. ڕەگی ماوە
مەگرین بۆ رەشبینی رۆژێك
سزای وەریو.. ژیلەی ئەشکەنجەی جێماوە
ئەمڕۆ زانست
لانکی گێتی رادەژەنیٚ
سبەی رۆشنایی هەتاوو مانگ لە کۆشدەنیٚ
مەل هێلانەی پەڕو شاباڵی خۆی نەبیٚ
لەنێویدا ناحەسێتەوە
منالٚ سۆزی دایکی نەبیٚ
ناسرەویٚ و کڕنابێتەوە
چرا چاوگی گڕ نەبیٚ
لە زمانی تیشك و ئاگر حالێنابیٚ
شارێك بیگەڕێننەوە تافی منالٚی

دەبێ بە کۆرپەلەی لادێ
گوندەکانمان لە نوێ
پرچی دیواریان شینبووە
هەورازەکان پڕ بوونەوە
ڕێگاکانمان پەیان بە لوتکە بردووە
کۆچباری گزنگ
لە لێواری کێلی گۆڕستان تەریوە
گەڵای وشکی ناسۆریمان هەڵوەریوە
مژدە.. روونی پاشەڕۆژ و
گوڵ سەرچۆپی گەڵا دەگرێ
گەلێك دڵی نیشتمان بێ
دڵنیابن هەرگیز نامرێ
گۆڕان ناواخن دەپێچێتەوە
رووکەش ڕووگەی زاری ناخە





پاڵای دەشتی سەر فەرازی
بۆ هاتنەوە.. مەلی شادی چڵی باخە
دوێنێ زاری گڕ بەڕوو بوو
رابردوومان پانۆرامای
دەقی مرۆڤی دووڕوو بوو
ئەمڕۆ کەس گوێی لە درۆی دەنگوباس نییە
ئەمڕۆ کەس لە بەهای وەرس نییە
بیانەوێ سەرچاوەی تاڤگەیەك بگۆڕن
خاك ورژمی ڤین بەڕوویانا بەڕێدەخا
سنوورەکان ناسنامەی سەربەستی
لەسەر جەستەیان ڕادەخا
وڵات دەرگای شکۆمەندی
لە ڕووی حەزیانا دادەخا
جاران ترس.. وێردی زارو سایەی دڵبوو

جاران سەنگەری قوربانی
دوور لە ژەم و بێشەی گڕبوو
ئەمڕۆ خانەی سەرفەرازی
نەعرەتەی بڕواو ویژدانە
ئەمڕۆ توێشووی سواڵکەرەکان
پڕ لە سۆزو وردە نانە
وەرنەوە.. لەم دیوی ڕووداوەکانەوە
لەسەرشۆڕی جەندرمەکان ئاوور بدەنەوە
وەرنەوە ئەمساڵ
فرمێسك لە فرمێسك دەپرسێ
گلێنەمان بۆچی جاران..؟
بە دەریای ئەشك پاكنەبووەوە
بۆچی جاران
هەنسك باخچەی شەونمە گوڵ نەبوو



کۆچباری گزنگ ........................................................................................ ڕۆمانە شیعر

بۆچی لوتکەی هەنگاوەکان
لە خوێن کاڵ نەبوونەتەوە
ڕێوی ئەگەر لە تەڵەکەبازی خۆی
تەڵەو داوی بۆ دانەنێن
لە درۆی خۆی
بە پیلان و تەفرەی سەردەم ڕاوی نەنێن
لە ژێر دەستی ڕاوچیانا ملکەچ نابێ
هەموو ڕۆژێك
دیواری ماڵەکانتان ڕانەمووسن
ئەم کۆچبارە تەواو نابێ
(وەلی) ئاوارەی دوای شەم بوو
خێڵێك ژیلەمۆی ئاژاوەی بەبادەدا
(شەم) لە گۆڕا خەوی لێکەوت
شاعیرەکان بۆ مەرگی

پەیڤی عەشقی هەڵدەمژن
کەو ئەگەر دەستێك پیس نەبێ؟
بۆچی یەکتری دەکوژن..؟
مەدوێن لەگەڵ ستەمکارێك
پیتێك زمانتان نازانێ
دامەنیشن لەسەر مێزێك
ژینگەی جۆرە کەسانێك بێ
وێڵبێت بەدوای پێکهەڵدانێ
دار ئەگەر بەدار نەبیڕنەوە
رەگ خۆی لەچڵ نەدەشاردەوە
باڵدارەکان دیدەی ئاویان لێکوێرنەکرایەتەوە
خوێنی خۆیان نەدەخواردەوە
لە زەمەنی مێژینە گەڕێ
بەدوای نسێیەکا وێڵبە





داوێنی بۆ بەڕوو بکاتەوە
لە کانییەك دیدە بشۆ
بەرۆکی بۆ ناکەسان نەکاتەوە
بە دەروازەیەکا تێپەڕە
لە رۆژت نزیککاتەوە
لە عەشقێك بدوێ
دەروونت بەسۆزو گوڵ روونکاتەوە
ناونیشانی هەڵبەستێك هەڵبژێرە
ببێتە سروودی کۆڵنەدان
لە کۆچێك بدوێ
باوەش بدا لە نیشتمان
گۆرانیەك خوێنم دەکا بە تریفە
ژێی دەروونم بە نەرمەبای بەیان
گۆرانیەك ورە لە دڵما دەڕوێنێ و
مێشکم دەکا بەجۆلانەی

گشت مناڵانی نیشتمان
شەوانە پەلم دەگرێت و
دەمباتە خزمەتی
ماملێ و حەسەن و ئەسخەر
کەدێم شیعرێك
لە شەونمی دڵەکەم هەڵبکێشم
وەکو چرۆ لەسەر گۆڕەکەیان دایبنێم
بیرلەوە دەکەمەوە
کێ بیڵێت و
لە پاشان شیعر بۆ کام چریکەی مەل و چلێ بڵێم..؟
لەناو تابلۆی سوورە خەمێك
دەبم بە خۆم
وەکو کەو دەقاسپێنم
گوێم لە دەنگدانەوەی ژانە





کە بەخۆما دێمەوە.. چاك دەنۆڕم
ئەوان نیم و
لە گۆشەی تەلبەندی شیعرێکا
وەکو مەلێکی نێو تۆڕم
هەر کەللەیەك
ئاوازێکی جوێ دەچڕێ
هەر بازوویەك
جۆرە دەستێکی هەڵگرتووە
هەر نەدارێك لەپێناوی نیازێکی
وردە خەمیدا مردووە
کە(حەبیبە) دڵی نالی بشکانایە
مریدێك دەبوو.. دەفی جەرگی بۆ هەڵگرێ
سۆزی خوایی گەرووی دادی عەشقی بگرێ
کۆچێکی ڕەوا

ڕێگای پاکیانی ماچدەکرد
پەی بەزامی (لەیلا ڕۆی) دڵیانی دەبرد
کیژۆڵەیەکم خۆشدەوێ
کەسوکاری..
خوێنمژی باوو باپیرمن
پەنجە لە زامێك وەردەدەم
تراژیدیای تەکنۆبەردینی ئەدەب
دەخاتە سای زوڵف و گەردن
(شیرین) لە تەختوتاج تۆرا
قوڵنگێکی لە دڵ ڕووا
(مەحوی) لە عەشقی ئەزەلی دایانبڕان
پەنایبردە بارەگای خوا
ئێوە ڕەوێك
ڕێگاتان پێنیشانبدا





بۆ بایەقۆش..؟ ببێتە رابەر و رێبین
بۆ نەزانین..؟ رێگامان گڕکانی خەمەو
بەرەو غوربەت و ژان بچین
(حەمە) لە زیندانی جەورا
تەلی پەنجەرە بووە زریوەی نیگاکانی
(سێوێ) لە کوێ..؟ زەوی دڵی بەفرمێسك دەشوشتەوە
(پیرەمێرد) سروودی نەورۆز لە دڵیا لە دایکبوو
ئەم عاشقانە پێش ئەو ژیان
یان چێژی هۆنراوەکەی
بەناخی دڵیانا هەڵچوو بوو
من نازانم کە لە خۆم توورەبم
وشەیەك هەر دەبێ
بسکی پەیڤ بەسەر رووومەتما بهێنێ
من کە لە عەشقدا بتوێمەوە

دوندی چیایەك بەژانەوە

چڕۆی هەنارێکم بۆ دەڕوێنیٚ

ئەی ئەو عاشقە قەلەندەرەم

ئەی ئەو کیژە بێنەوایە بێدەڤەرەم

خەمەکانی چۆن بکاتە گەردانەی بوون

ئەی کە کۆچبار تەواوبووە

کەسوکاری بۆ دیار نین و..؟!

بەرەو کام شاری نامۆ چوون؟!

کاتژمێرێك دوای نیوەشەو

ویستم بچمە بەرگی ئاسمانەوە

لە ئەستێرەکان رامابووم

وەکو عاشق دووان.. دووان

لە یەکتری نزیکدەبوونەوە

رووی یەکتریان ماچدەکرد و دەتووانەوە



کۆچباری گزنگ ............................................................................ ڕۆمانە شیعر

دەرگای ئاسمان کرایەوە

کۆشکێکی ئەستێرە دەرکەوت

دیوارو دەرگای هەر تیشکبوو

تریفەکان لە بەهەشتی خواناس دەچوون

نوورێك لە دوور یەجگار دوور بوو

وەکو شیعر خاوێن و سپی

لە دوڕو مەرجان سپیتر

بوونە سەرو سیمای کەسێك

ردێنی گەواڵەی بەفر و

دانەکانی.. دانەی ئەستێرەی زێڕین

کە خۆم لە رایەخ دەرباز کرد

گوێم لە نووزەی کۆرپەکەم بوو

پرسی باوە..؟

کوانیٚ مانگ و ئەستێرەکان..؟

ئەی بۆچی هەور..؟

نابێتە ڕەشماڵی کوێستان
تخوا بابە
وشەی (دایك) چۆن دەنووسرێ
ئەی کوانێ بۆچی وەکو خەڵك
لە کۆشی چاو ناکەمەوە
ئەی بۆچی باوکی شیرینم
هەموو شەوێك بەبرسێتی
دەبێ سەرم بنێمەوە
گریام..
وەکو گەڵا چۆن بەسەر لانەیا
شەونمە داد هەڵدەڕێژێ
چۆن کۆترێکی لانەواز
بۆ گەنمێك، دەنکە جۆیەك
دەیدەنە بەر زەبری نێشێ





چۆن چیایەك
بۆ ماچی دەنکێ تەرزە
سەر لەبەرزی ئاسمان دەدا
چۆن عاشقێك
سنووری گڕ بۆ هەناسەی
دەکاتە هەڵوێست و مەودا
سەرم نایە ژێر باڵی خەم
ژیلەی شیعرێکی پەمەییم
ناردە خزمەتی لانکی بڕواو ویژدان
ئەمە کام شەرمەزاری چەرخە
رێکخراوی چارەسەرکردنی ئاژەڵ
لە کۆگای دەرمانی دەردەداران بەڕێزترە
ئەمە کام سیستەمی پێشکەوتنە
رێکخراوی بەشوودانی پشیلەو سەگ
لە نەخۆشخانەو یانەی زانکۆکان زۆر ترە

گریام.. گریام و گریام
سەدان پرسیاری بێوەڵام
بوونە سێدارەو
تاسەی هەناومیان هەڵواسی
چوار دیواری داهێزراو
زاریان لە ناڵەم دەرهێنا
بارەگای ماف
چەپۆکیدا بەسەرمداو
دادی گێتی.. رێگەی دەنگی لێگرتم و
نەیانهێڵا
دەرگای شادی بکەمەوە
پەڕەی بوون و پایەداری
بۆ کۆرپەکەم هەڵدەمەوە





## ئیتر نە کۆچ

نەسپێدەو شەفەقی دوور
نەیانهێڵا رووبکەمە
هەوارێکی باڵاو رووسوور
تەمەن وەکو کەنارێك
هەموو رۆژێك مشتێك ئاو
بستێکی بتوێنێتەوە
وەکو دارێك
لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژا
گەڵایەکی بەربێتەوە
چەشنی کاروانچیەکی بێئامان
مانگێك کۆچبکاو
دوانیتر بگەڕێتەوە
سەفەرم دەکرد بۆ دورگەی دڵم و

دەگەڕامەوە مێشکی گڕاویم
لەنێو دوو زەمینی هەست و هۆشما
مەلەی نابینایم دەکرد
لە سووتان و کروزانەوەی بەستەکانما
شیعر بەسەرما دەگریاو
وشە برسێتیمی دەڕەوانەوە
ئاواز دەبووە دایکێك
دەروونمی دەلاوانەوە
ئەمە رەوی پۆڕە کەوە
لە کاتی بیر تێراو نابێت
ئەمە ژانی تیتراوسکە
لە هێلانەی دەری نابێت
بەڵام کام جۆلانەی هزرو وەفا
لە ژێر سایەی داری ئەوین





دەمسرەوێنێ
بەڵام کام جۆگەی زەمینێك
وەکو خاکی وڵاتەکەم
دەست بەسەر بسکی بەزەیی
ژوانی زەردە ڕۆو
مەرگی پەپوولەو حەز دەهێنێ
نە کۆچ لە ئاسمانی وڵاتەکەت
بەرگی شکۆت بۆ دەدوورن
نەکۆچ لە مانی نەدارو
هەستی شاعیران دەبوورێ
پەرەسێلکە هێلانەی بڕووخێنی
خۆی بەدارو بەردا دەدا
شەمشەمەکوێرە لە گۆشەی ماڵ بەدەری بنێی
باڵەکانی دەکاتە چەترو

گوزەر بۆ چاوانمان دەبا
من نازانم لە کامیان
بەستەزمانیم بەدیاری وەرگرتووە..؟
من نازانم
بۆچی تیری رۆژگاری سەخت
لە زامی دڵم هەڵچووە..؟
من و شیعر
دوو خەمخۆرین
من و شیعر
دوو دێوانەین
(شەم) بەئێمە زیندوو ناکرێتەوە
مافی بێدەست و رەنجەڕۆ
بەئێمە نادرێتەوە
ئەی چۆن بێدەنگ..؟!





باڵی فڕین بکەینەوە
ئەی چۆن لە راستی هەڵبێین و
وەڵامی کەس نەدەینەوە..؟
توێشووی ژانی گەل هەڵنەگرین
ئەی چۆن و چۆن
لە پێناو دادا نەگرین..؟
دەبێ هەوڵێك
لە پای نزای راستی بدەین
دەبێ لانەی پیر و لاوان
بەرەوو کۆچبار تێکنەدەین
بۆیە من دەبمە قەقنەس و
لانەی پرشنگ دروستدەکەم
بۆیە من دەبمە نەورەس و
ماچی دەریا بەچیا دەگەیەنم
بۆیە من دەبمە شاعیرو

بەزریوە هەڵبەست دادەهێنم
شیعریش دەبێ بە لالەزار
بۆ پێشوازی بەهارو گوڵ
ئاورنگە ماچ هەڵدەڕێژێ
شیعریش دەبێ بەسنگی خاك
تۆوی سۆز و نان دەنێژێ
من و شیعر لەیەك دەچین
ئێمەش لە کۆچی ناوەختین
بەڵام بەرەو سێبەری غەریبی و ستەم ناچین
مەڵێن گزنگ لە کۆچ گەڕێ
ئێمە بەبێ پرشنگ دەژین
مەڵێن شەفەق لە خاك نەدا
مانگ لە ئاسمان ئاوا نابێ
مەڵێن سنگی خۆر نەمێنێ





ژیان دوور لە هەوا نابێ
باران ماچی هەڵدێر ناکا
ئەمە لەزەتی سۆز نییە
مرۆڤ لە ئارەزووی وەڕسبێ
ئەمە موچڕکەی عەشق نی یە
دڵ بێنەوا لێی پاکنووسبێ
سەرمایەدار نانی گەروو دەفڕێنێ
سەرمایەدار چقڵی زوڵم و ڕق دەڕوێنێ
بۆیە نەدار
بە دوای شاباڵی ئاسۆدا
وێڵ و دێوانەی سەرخاکە
بۆیە رەنجدەر
ئالوودەیە بۆ هەڵوێستێك
وەکو باران

لەسەر کێڵگەی زەبوون داکا
مەپرسن بۆ شیعرم
لەسنگی ئەستێرەی خۆر و مانگ تێر نابێ
دەردێکەو هەر شاعیر دەزانێت
ئەودیوی ئەم زامە لە کوێیە
هەر شاعیر دەزانێت
نیشتمان.. سنووری لە زامی دەروونا تاکوێیە
هەر شاعیر دەزانێت
ژانی چاو سزای شیعر بۆ کێیە
مەپرسن کەی مردم
کام بستە خاك ئابڕووم دادەپۆشێ
مەپرسن چەند دیوانم بەدوادا دەگرین و
شیعرم لە تابوتی کام دەزگادا ڕادەکشێ
من شیعرم لە شیعرا ڕەوەدەکەم
من شیعرم لە شیعرا





داوای مافی
ئێوە و.. ئەوان
خۆم و.. ئەو.. دەکەم
ئەزموونگەری بەردە خشڵیەکان نیم
هەر ڕۆژەی بە لوتکەیەکا هەڵگەڕێم
ئاسکی سرك و کوێستانیش نیم
لە کوانووی راوکەران بزێم
من مرۆڤم
خاچێك لە دیلێتی لەسەر سنگم هەڵواسراوە
بارخانەیەك تیلەی گزنگەو
لە توێشووی تەمەنما دانراوە
ئەوەتا لە هەر شوێنێك بم
خۆر پرشنگی بە دواما وێڵە
ڕۆژ سەربردەم بەفێرگەکان دەگەیەنێ
تریفەیەك.. لە خوڕەی فرمێسکی کانی

بەرنامەی بەڕێوەبردنی رۆژانەم پێ ڕادەگەیەنێ
بۆیە لە خاك فێربووم
لە نەغمەی چلێ.. شیوەنی پەلکڕنین بلێم
لەپەلەی تاڤگەش ئارامگەی نەمران بناسم
لە جەرگی ئاخ هەڵکێشانیش
دانەی باران لە چێژی گڵا دەمهەژێنێ
بۆیە کە شەو دادێ
بەدوای هەنگاوی سپێدەیا ڕەودەکەم
لەشارێکا خۆم دەگرمەوە
لەسەر رەفەی کتێبخانەکان
چوار مێخەیان کێشاوم
نەکەسێك دەروونم دەخوێنێتەوە
نەڕووانینم بەرپێم دەبینێ
بۆیە لە ناڵەی خۆم ناگەم





بڕیارم داوە
لە پەیامی ملکەچیا
پرشنگی چوار پارچەی هەناوم پەیاکەم
(کاوە) ئەمری خودای بەجێهێنا
نەیووت بە ئاگر بمشۆنەوە
پەیکەرێکم لە گڕ بۆ دروست بکەن
دەست بنێن بەڕووی بەرواری پێشینەوە
ئەو هێزی باوەڕو
رێبازی بڵندی بۆ خۆی هەڵبژارد
پەیامی ئازادی گەلێکی چەوساوەی
بەخواوەند گەیاند
ئەی کاتێك من
لە ژێر زەبری پیلان و
هەنگاوی بیانی و

فڕکەی درۆو
پێمەلەی ماوەیا
دەستخاڵی و رووتوقووت
دەڕۆمە خزمەتی گۆڕ قەرەج
نەدەتوانم بگەڕێم بۆ لانەی پەیڤ و
وڵاتی هۆنراوەم
تۆ بڵێ ی لە دەوری کێلەکەم
ئاگرم بۆ بکەنەوە
تۆ بڵێی ورشە نیگایەك
ساتێك لە تەکم خەوی بزڕێ
تۆ بڵێی بەردێکی ئەم خاکە
لە جێگەی ببزوێ
شاهۆیەك
بۆ تێپەربوونی تابوونی خاڵیم
ملی هەڵبڕی





ئەمە کردەی خودایە
شاعیر کە دەمرێ
رۆژنامەیەك نابێتە کفن و
جەستەو ئابڕووی
لە توێی وشەیەکا هەڵگرێ
من رێگای(گۆران) م گرتووە
من خەمی وڵاتێك
لە جەرگی هەڵبەستما شینبووە
من گەلم
میللەت نامرێ
من خاکم
کێ هەیە لە ئاستی پیرۆزی
سەری نەوازش دانەگرێ
خاك رێزی شاعیران دەزانێ
لەو رۆژەوەی(گۆران) ئێمەی بەجێهێشت

لەنێو جەرگیا چیمەنی برینی بۆ ڕاخست

نەیهێڵا بگەڕێتەوە

کێ لە میوانداری شاعیران تێر دەبێت

ئەی گوایە هەر ئێمە نەبووین

هەر ڕۆژەی لە بازنەی ئەڵقەیەکی دیلێتی

باسك و بازوومان دەڕازانەوە

ئەی گوایە ئێمە نەبووین

دڵۆپێك ئاومان

نەکردە براکی هەڵبەستیەوە

ئەی کاتێك کە ڕۆیشت

نەهاتەوە بۆ ناو مان

چەند پەیکەری زریوە شیعرمان

بۆی دروست کردووە

لە کام شەونوێژ و نزای جەژنا

یادێکی ئەومان کردووە





کەی هەتاکو ئائەم ساتە

پەیمان بە بڵندی شیعرەکانی و

ژانی سەختی

پەیڤی شیرینی بردووە

مردوو  نەنێژین

زیندوو پەرێزین

دەتوانین دیوانێك لە درۆ داڕێژین

بەستەمی دادەنێین

ناوێك لە خۆمان و

لانکی زیندەگانیمان بنێین

مێروولە بۆنی پەنجەمان بکا

وازلە دانی نێو دەمی دەهێنێ

لە بوونی خۆی شکدەکا

سویچەر لە جەرگ دابڕن
جەستەی پڕ لە توێشووی چەك دەكا
ئەوەتا پێنووسەكانمان
لە پەنجە كانمان سڵدەكەن
ئەوەتانێ ڕستەی پەڕاو
لە ئاستی نیگامان دڕ دەدەن
گیرفانێك لە شاباش
توێشوویەك لە مەزە
كەشكۆڵی سەفەری هەستمانە
تارماییەك لە خۆزگە
دوندێك لە تەفرە
پاداشتی دڵسۆز و خۆشەویستمانە
هەواڵێك لە پاكی
نەرمە بای شەوان





هەوڵدانێك لە ئاورنگی گەردنی ڕەنجدەران
ڕووبكەنە دەروازەی هەورامان
بەبێزارییەوە..
دەرگای دەروونمان دادەخەین
لە ئاستی رووكەش
ستەم و رابواردن
فەرشی جگەرمان ڕادەخەین
بۆیە هەر ڕۆژەی
لە گۆشەی مەیخانەیەكدا
خەوێكی قورس داماندەگرێ
ژینمان بووەتە وڕێنە
لە شاعیرانمان مەپرسن
كەی شیعری ئەمڕۆ پەروەردەی خوێنە
ئەوەی ئەمڕۆ.. لە كۆچەو

لە پاڵتۆی هەیبەت سوڵتانا
خۆی ناگرێتەوە
شیعری زاخ ئامێزی بێچێژە
ئەوەی ئەمڕۆ
لە گوناە پاك نابێتەوە
پێنووسە زمان ناگرێت و
گەردنی وشە دەبڕێتەوە
کێ دەتوانێ.. نامیلکەیەك بە چاپ بگەیەنێ
با هاوسەرەکەی لە برسا بکوژێ
کێ دەتوانێ پەڕەی پەڕتووکێ نوێ بخوێنێتەوە
بازاری مناڵەکانی ببڕێتەوە
بنووسن
ئێوە لە(با) پاکترنین و
لە بەفریش دڵسۆزو تیانتر





بنووسن
ئێوە لە کۆشش نەبەردتر نین و
لە خۆزگەش شیرینتر
پەڕە کوانێ
سنگ بۆ مەلی دەروون بکاتەوە
دیدە کوانێ
وشەیەك بخوێنێتەوە
بەچپە نووسراوەکانتان
بە گوێی خۆتانا بچرپێنن
بە پرتاو..
دەست بە سمێلی قەیرە کچی شیعرەکانتانا بهێنن
ئەمڕۆ بانگەواز
سەربادانی زەمینە و
کێ لە ئاستی تووڕەبوونی خاکا خۆی دەگرێ

ئەمڕۆ نیاز وێرانکردنی ویژدانە

کێ لە ئاستی دەریای گڕا رادەوەستێ

لە ترسی شاڵاوی مەرگ خۆی رادەگرێ

مەلێك لە گۆڕی غەریبان دەخوێنێ

دەنووکی لە خوێنی چڵێکی بەرلێزمە سووربووە

شاباڵی تریفەی خۆرێکی بسك سوورە

چاوەکانی پەیامی گزنگی هەڵگرتووە

دەڵێن گیانی شاعیرێکە

لە دەستی زەبرو زەنگ هەڵاتە

دەڵێن(خدری) زیندەیە

ئەشك دەڕێژێ شیوەن دەکا

بۆ بەڵاو کەسەری مناڵانی ئەم وڵاتە

خەڵکێکی زۆر دەڵێن

(بابا نۆئێل) ە لە خواردن .. مانی گرتووە





دەیەوێت وەك ئێمە

ئازاری برسێتی بزانێت

سێ رۆژە رۆژووی بۆ خاکمان گرتووە

ئەمیش لەلانەی ستەمکار وەڕسە

ئەمیش لە ناڵەی ئێمە جگەری سووتاوە

هەر رۆژەی لەسەر گۆڕێك

سروودی برسێتی دەخوێنێ

دەیەوێت بەجیهانی رابگەیەنێ

هاوڵاتیان رێزێك بۆ بوونی دانانێن

شەرمەزارە لەوەی.. بۆ دەستی خاڵییەو

کۆرپەکانمان لە دوورەوە چەمۆڵەی دەنێن

دوێنێ هەواڵێك رایگەیاند

هەڵەبجە.. سکی لە داری گوێز پڕ بووە

بۆسبەی دەزێ

ئێستا لە نەخۆشخانە کەوتووە
بۆ دایەنێك دەگرێ
دوارِۆژی نازی کۆرپەکانی هەڵگرێ
دەترسێ جارێکیتر
بە ژەهر و خوێن رێگای پیشانبدەن
گڵۆپی مین لە چاوەکانیا دابگیرسێنن
بۆیە لەباری ژیان و مردنایە
تۆ بڵێی بەری دارگوێزێك
نەبنە گلێنەو..
دەروازەیەکی بۆ نەدۆزنەوە
تۆ بڵێ ی.. جارێکیتر
زیندوو خۆرەکان
ئاورنگ بە ئەسکڵ بگۆڕنەوە
لە پەراوێزی زوڵمی گەلانەوە





لە دادی دەوڵەتان بڕوانن
لە گەڵای ئەرخەوان
کل بۆ دیدەی تازە زێ بهاڕن
چەرخی دەستووری زەمانە
بەخوێن دەگەڕێ
دادی نەوای بێزمانە
بۆ شیلەی زار هەڵدەپەڕێ
کێو نی یە ئاگریان تیای نەکردبێتەوە
چیا نەماوە
پەڕەی زامی هەڵنەدرێتەوە
نە هەڵەبجە
نە گوێز
بە یەکتری ئاشنا دەبن
نەبیابانەکانیش باڵا دەکەن و

لە چیا دەچن

دەربازبوون سنگی شۆستەیە

بەمێخی ڕەشماڵی رەوکەران دەمبەستێتەوە

بانگەواز جاڕدانی فرۆشتنی بەهایە و

بەمن مەزات دەکرێتەوە

بۆیە لە کێوی کێوی ترم

لە ئەزموونی بتپەرستان رێوی ترم

دەڤەرێك لە خەوا بمتەنێ

رووبەری ئازارم پێوانە دەکا

سەفەرێك لە ئەدرێسی راوکەرانا نەبێت

لە گیرفانی هەوری هەناسەمی دەنێم

بەدڵما گوزەر دەکەم و

بۆ نێو قۆزاخەی هەڵبەستێك ملدەنێم

کێ ناڵێ ئەو شەوەی بروسکەیەك لە دایکدەبێ





چەندین نەرمەبا نازێن

کێ دەڵێ سنگی ئاسمان شەق نابات

زریان وردە باران و

هەناسەی تەمەنی چیا ناخوات

ئەی بۆچی کەدوندێك دەخزێ..؟

دۆڵێك گەرووی بۆ دەکاتەوە

ئەی بۆچی شەپۆلێك هەڵبسێ..؟

کەنارێك کولمی دەشواتەوە

لەوەتەی دادگای مافی دەوڵەتان دانراوە

پسوولەی پەڕینەوەی هەڵۆی شیعر نەدراوە

لەوەتەی شیعریان بۆ رەشورووت هەڵبەستووە

هەر شاعیر خۆی

لە کەناری برسێتیا

خەوی مەینەت دایگرتووە

وتیان نەکەیت خەفەت بخۆیت

کەس نییە لە ژینا کۆچ نەکا

وتیان نەکەی سوێند بخۆی

شیعر لە ژانی درۆ ناگا

وتیان دڵی شاعیرەکان وەکو بایە

ووتیان نزای شاعیرەکان

گڕوگاڵی بیرو ڕایە

کێ لێمدەگا..؟

کوا سروشتی ئەم زەمینە

هاوخوێنێکی بەکۆڵەوە گرتووە

کوا دەرفەتێکی دەست هەڵبڕین

پەی بە سووتاوی دەستم و

برینی ناخم بردووە

بۆکێ بدوێم





شیعر لە ئاوریشم ناسکترە

دەیانەوێ بیکەنە کۆتی پەرییەکان

شیعر گەردیلەی بارانە

کێ دەتوانێ سنووری پەڕینەوەی بگرێ

شیعر گەواڵەی ئاسمانە

کێ دەتوانێ ڕێگا لە کۆچباری بگرێ

کە شیعرێك لە خاکی دەروونم دوور دەکەوێتەوە

لەگەڵ بەفرا دەتوێتەوە

کێ دەتوانێ رووی خۆر بەشەختە داپۆشێ

بابێت زامەکانم بە ئاگر پینەکا

شیعریش وکو ئێمە

بەکۆچ نەشونما دەکا

خاڵێك لە پەراوێزی ناسنامەکەمەوە

بووە هێشووی ترێی ئەزمرۆ
شارێك لە گڵۆپی شەقامەکانا توایەوە
بووە تیشکێکی بەرزەفڕ
ئەوەتا چەندین ساڵە
بەدوایدا ئاوارەم
بەدوای گیانی دایکما دەفڕم و
لە خوێنی خۆما گلۆر دەبمەوە
نە بە هاوڕازی چرۆی هیواکانم دەگەم
نە لەگەڵ سووتانی کانیەکا
لەگەڵ بارینی بارانا
وەکو گەواڵەیەکی کەم تەمەن دەڕەوێمەوە
هەموو شتێك رۆژێك بارخانەی دەپێچێتەوە
زەمین ماچی ئاسمان دەکا



کۆچباری گزنگ ........................................................................................... رۆمانە شیعر

شوێنەواری زامەکانمان کاڵدەبنەوە
ئەستێرەکان هەڵدەقرچێن و
شەوگارەکان لەپێستی تاریکییا بزر دەبن
هەڵبەست ئاکارەکانمە
لە جیهانێکی بێکۆتاییدا زیندوودەبنەوە
بەرامبەرم رادەوەستن
گەواهی لەسەر پاکیم دەدەن
لێمدەپرسن
چیمکردووە بۆ سوودی میللەت و بەرزی وەتەن
بۆیە کە شیعرێك بانگمدەکا
دەترسم بەرەو مەیتەری بوونی خۆم ڕاکەم
دەترسم ببمە شاڵاوی رق و
بەسەر نەدارو نەگبەتا داکەم

یەکسەر خۆم نادەم بەدەستەوە
دەزانم دەبێ شیعریش کۆچبکا
دەزانم ئەویش دالّدەی لە ناخما نەماوە
دەزانم شیعری قەترانی
بەفرێکی سپییە..
بۆ مافی چەوساوە سووتاوە
تارایەك لە هەوری دووکەڵی رێڕەو
ئاوێنەی رۆژی لێخن کردووە
گرۆیەك لە ژانی ژێر پەنجەی هەنگاو
سەری گردێکە.. لەرەوا مردووە
رێگا تابووتی هەناسەی گوڵە
جۆگەلە تەوێڵی لۆچی زاگرۆسە
لە داخی ساویلکەی داخوازی دەلەنگێ





شەو باڵای کێوێکە
تینووە بۆ پاکی بزەی هاودەنگێ
گورك تاری نشیوەو..
لە رانی ئاسکەی پرشنگ تێرنابێ
چڵ تیغی دەواری رەوەندەو
ئاگری قوتیلەی دەروونی هەڵنابێ
دەستێك چڵی دار گوێزەو
بۆ نزا لە یەزدان
باسکی بێ لاسکی بەرزکردۆتەوە
رەگێك پەنجەی گەواهی(خانی) یەو
دەرگای هەڵبەستی رووپاکی کردووەتەوە
دەنگێك راوی مەل و مرۆڤ دەنا
رەنگێك خۆی لە زەردی گەڵا و خوناڤ دەنا
دار بایڤێك بۆ پەرستگای سەربەستی کوڕبووەتەوە

مەلێك دەست نوێژی سەركەوتن لە ئاوەسپی دەگرێ

دڵێك گڕ دەژمێرێ.. تینوێتی بەژان دادەمرێ

ئەوەی ئازاری نەبڕیبێ

لەسزای بێچارە تێناگا

ئەوەی لە تەنووری وڵاتێكی غەریبستان

شەوانەی بەسەر نەبردبێ

لە تامی نان و گریانی كۆرپەی خاكەكەی ناگا

شارێك پیاوچاكانی لە تەویلەی ئاژەڵانا

بە باسك دەنرخێنێ

بۆ كارێك تەلاری رەزاشا بڕازێنێتەوە

بەردێك گلێنەی مێژووە

دوندی ئەستۆی رۆژگاری نوغرۆیە

بەهایەك لە پاڵانی رەشە ساڵا





ژێر سكی ئابوونەی ترۆپكی ئەو دیوە

تۆرانێك لە جریوە هەسارەی ناسنامەی

هەورازی بێداری زەمینی چنیوە

كیژۆڵەیەك بولبولی ئەشكەنجەی

لەسەر شانی داناوەو

دەنگێكی بە چرپە لە گیانی هەڵدەستێ

نازانم.. سەدای گیاندارە

یان ناڵەی مرۆڤی ژێر دەستە

بڕیارێك لەگەڵ رابەری راست رەوا دەبەستێ

زیندان نییە.. ژمارەی كۆچكەران بژمێرێ

پەرستگا نییە.. نانێك بۆ گەدەی خواناسێك بنێرێ

ژەنگیك خۆی نادا لە قەرەی بانگەواز

هەر پێیە و بە دوای پەنجەیا هەڵدێ

هەر دەستەو بۆ نزا.. روومەتی(با) دەشوا

بۆ تریفەیەك لەگەڵ بارانا..

خۆی دەکات بە دڵسۆزی کۆچڕەوی ڕێگا

ئەستێرەکان لەگەڵ بەردی کەناری چەما

چاوشارکێی کسپەی ئاوی قەترانن

نانێك لە خوانی ئاسمان وەرگەڕێ

برسی هەڵاتوو.. دەروونی خونچەی خۆزگەی دەدڕێ

بەفرمێسك خوێنی جەرگ

ژەمێکی سەرفرازی ساتێکی ئاسوودەیی

بۆ خەوی پێڕەوکەی ڕەو دەکرێ

بەزمێکە تینوێتی تاراو تاج

ڕەزمێکە ناڵێنی مناڵی بێڕەواچ

ئەمە دەستووری گێتییە

بازرگانی ئادەمیزادی بێهەوارە





ئەمە شەقڵی جەرگی خاکە و

بە نووکی گاسنی ستەم زامدارە

لە تەلی بروسکە ئاوابووم

لە گۆشەی ژێرخانی خانەخوێیەکا دامابووم

دەستێك لە شەپۆلی گڤەی بای نەداری

پەرچەمی لاسکی نیازمی دادەهێنا

شەقامێك هەنگاومی نەدیبوو

لەگەڵ کاری بێکاران

ژێی هەناسەمی ڕادەهێنا

گوزەرانێك.. بە ئالوودەیی خاکەکەت ئاوبدرێ

ژیانێك بەزاری خوێنمژان ناوبنرێ

هەناسەیەك تەمەنی سەرشۆڕی دیاری بکا

خورپەیەك لە نێڵەی ئاگر بئاڵێ

هەواڵێك کوشتنی دایکت بێ و
گۆرانیەك شیوەنی مردنی منالێ
مەلای قوتب جاڕی فرۆشتننت بداو
کتێبە پیرۆزەکان گەردی ناکەسان
لە ئاوێنەی دەروونی سەروەران دانەماڵێ
دەمێك خوانی پێنج ژەمەی لەسەر نرابێ
چوارچێوەیەك تارای مەرگی چرابێ
سووتانە.. ژیانی دوورە گڵ
نەمانە.. کوانووی بێ گڕ و ئەسکڵ
گوێی کەڕمان بە درۆی دادوەران پڕبووە
دەروونمان لە کولانەی گڵکۆی تەفرەیا کڕ بووە
حەسرەتە خامەمان گڕ لە خۆی بەردەدا
لاپەڕەی بوونمان.. لە گەرووی زام دەنرێ





ستەمە میللەتێك تاوانی ستەمکار هەڵگرێ
ڕەوێك شەش ساڵ
لەلانەی دڵسۆزان دابڕێبووم
شەقامێك هەر بەزۆر تەمەنی کڕیبووم
باڵی مەلی گەڕانەوەم
لە خوێنا سوور گەڕا
دەیەوێت ئاسمانی خۆشنوودی
بەشاباڵ بهۆنمەوە
ناونیشانێك.. لە دڵما.. برینی شیعرێکی یاساغە
بووەتە هەڵۆیەك لە چیای ئاگرا
باڵی دەربازبوونی لێکداوە
لە ژمارەی سنووری ڕێگاکان سڵناکا
خواحافیزی بە ئەستێرە دەسپێرێ و

هێلانەی خۆری لە دڵ رووا‌وە
ئەوەتا نەرمەبای شابالّی
رووی بەفری دوندی سەخت دەسڕێ
شەختە ئاوێنەی هەناوی نەترسە
تەرزە گلێنەی چیایە
لە خوانی لووتکەیا داماوە بۆ پرسە
بە گەردنی هەورا.. سکالاّی باران بۆ ئێوە دەنێرم
لە دوندی سەختی هەڵگوردا
پەنجەی بڕاوی رۆژگاری ستەمکار دەژمێرم
نەعرەتەی هەوڵدانی مرۆڤی کۆڵنەدەر
خامۆش نابێت و.. جەفای نالەبار
بە بازوبەندی رێگاکان دەتاسرێن
خەرمانی رەنجی رەنجدەرە قەندیل و هەندرێن
چەندینجار.. بوخچەی مێژوویان کردەوە





کلدانی دزراوی دایکمانی تیابوو
چەندین جار گرێی دڵی هەورمان کردەوە
سەری بڕاو.. کۆرپەلەی چیا بوو
زام بەگلێنەی خوێن نەبیستریّ
ئاوەڕۆی پاکڕەوی نابزویّ
گوڵ بەکوڵوانەی بەفر پاك نەکرێتەوە
چیا لەگەڵ کسپەی نشیوا نادویّ
بوومە چڵ.. لە بەرگی دوندێکا چرۆم کرد
بوومە دڵ لەسینەی شیعرێکا دالّدەم گرت
ردێنی خاکیان سووتان
لاپەڕەی پەڕاوەکانیان لە خوێنا خنکان
من تابلۆی قوربانی دانی گەلێکم
بەنێشی دیواری سەر شۆستەکانا هەڵواسراوە
من بەرواری رەنجدانێکم

لە تەوێڵی دەرگاکانا ئاوەژوو کراوە
ڕەونییە راوکەرێك جڵەوی بەرنەدا
کەونییە چەکێك گەواهی کوشتنی بۆنەدا
ئای لەو ساتانەی
گومەزی ماڵەکەم هەر بەخەون
دەبووە کۆترو
بێچووی شیعرمی دەتاران
تاڵی پەرچەم..
سنووری جاڕدانی هەنگاوی سێبەر بوو
مەمکی هەڵقرچاو
گوڵدانی دەروونی خوێناوی سەربوو
مردن لە باڵای نەمانی دەترسا
تابووت خۆی لە درزی دیوار دەنا





باڵدار لە ترسی شریقەی تۆپباران
بۆی بکرایە زەمینی بە دەنوك هەڵدەکەند
هەتاکو ئێستا زۆر شەوانە
رایەخەکەم دەبێتە هەورازێك
لە خوێنی ژێر پێ و
ئارەقەی تەوێڵی کۆچڕەوا دەگریم
دەبمە(مەولاناو)
سنگی دەفی تەجەللام دەکوتم
وێردی(أنا الحق) دەکەمە بەرگریم
رادەبم.. وەکو چڵ بە سروودی هەناسە دەهەژێم
دەمەوێ لەگەڵ هەیاسەی خورپەی
کۆرپەی رەشبینی ژیانا بژیم
دڵم دەبێتە ورتەی چرای شەو

ئەستێرە زریوەی تیشك بەسەرما دەبارێنێ
مانگ تریفەی گەڵای مێو
بەهەنسکی بێئارامیم دەگەیەنێ
ئەوەتا دوێنێ شەو
خاکێك بەڕووما هەڵشاخاو
بووە(پیرێکی ردین تووتڕکی)
چەناگەی خستە سەرسنگی لە مەلی دڵ ترازاوم
هەتا توانی ماسولکەی جەستەمی راکێشاو
تەماشام کرد پێمەردەی ئەجەل
هێدی.. هێدی
گیانم لە گەروومەوە سەردەخا
لەحەشامەتێکا خۆم دۆزیەوە
بەدوای جۆگەلەیەکا هەڵدەهاتم
دایکمیان لەناو گڕی ناخیا دەسووتان





ئەوەتا ماندووم و هەرچەندە وشیارم
لە ترسا دەلەرزم وەك گەڵای خەزان
بەهارێك تێپەڕی
وەرزی نەگبەتی
گوڵی سەربەستی نەدا لە بەرۆك
زستان چاوەڕێی بەفری ئەمەلبوو
ساڵ تینووی هەوڵدانی چەوساوەی گەلبوو
مەڵێن بولبولی نیازی هەڵبەست
لە داوی پەڕەیا دیوانی شانامەی سەروەرە
شیعر عاشقی دیدەیەکە
رێگای شکۆ و سەر بڵندی لەبەرە
کەی دەهێڵن
گوێسەوانەی ماڵەکانمان
لانەی کۆتری بیرو رابێ

کەی دەهێڵن شیعرەکانمان
موڵگەی خەمی دێوانەی خاك و شەیدابێ
شەکرە شیعرێك لە باڵای دوندێك نزیکبێتەوە
قەدەغەیە لەگەڵ بەفرا خاك بدوێنێ
زریوە شیعرێك لە پەروانەیەك بگەڕێ
خەرمانی گڕ دەکەنە هێلانەی
شاعیرێك قسەیەکی راست بە دڵیا رابوورێ
تەوقی زنجیر دەکەنە جامانەی
بۆیە پێنووسێك گازم بکات
هەزاران سوورەت دەخوێنمەوە
نەوەکو ناڕەوا
لە خوێنی هەڵکێشم
نەوەکو بە هەڵە





نەخشەی زامی کوردستانی پێبکێشم
شیعر هێلانەی دڵی شاعیرە
باخچەی گوڵزاری پەڕەیە
شیعر وڵاتی ئازارە
ئاڵای ژانی ئەم گەلەیە
شیعر بەهای بوون و نەمانە
شیعر چیای بێکۆتایی نیشتمانە
شیعر لانکی کۆرپەیەو
دەسرازەی دێڕی نووستووە
شیعر قاقای بێتاوانە
پاکی خاکی هەڵگرتووە
کە من شیعرێم
بۆ بەرد بارانم دەکەن

مارەم لە نامۆیی دەبڕن
کە من شیعر بم
بۆ لە بازاڕی ڕەشی رۆژگارا
پەڕەی بێنازی پاکمەندیم دەدڕن
شیعر گەواڵەی پاییزە
شیعر کیژێکی نەشمیلە
ئابڕووی بەرزی نیشتمانە
شیعر پەڕەی جەرگی ژینە
شیعر ئاوازی ئەوینە
شیعر وێردی سەرەمەرگە
شیعر ئاسکەی خەمی سرکە
شیعر تابلۆی ژان و سۆیە
شیعر زاری من و تۆیە
شیعر گیانە.. ئاو و نانە





شیعر کۆشش و هەوڵدانە
شیعر گزنگ و کۆچبارە
شیعر ناسنامەیەو
مێژوو پێناسەی بەروارە
شیعر وڵاتێکی بێزەفەرە
شیعر شەیدای دەبەدەرە
شیعر بارانی رەحمەتە
شیعر حەزی لە ژینێکە بێمنەتە
من گزنگ لە شیعرا دەبینم
پرچی شەو.. داوی وشەی گۆرانیمە
مانگ لە دێڕی ماتەما بەسەر دەکەمەوە
شەپۆلەکان نۆتەی هەڵبەستی شیرینمە
بۆیە شیعرێك لە تۆڕی ناخم بترازێ
خۆم لە خەمێکی بێسزا هەڵدەژەنم

بۆیە شیعرێك ماڵاواییم لێنەکا

دەیکەمە ئاوازی سەربردەی تەمەنم

شیعر بێکۆچ لەبەرگری تێ ناگات و

شیعر بێدەستی گومڕابوون

پشت لە هێلانەی خۆی ناکات

پێنووسێکم لە چڵی دارژاڵە دروست کرد

ویستم ژانی نسارەکان بهۆنمەوە

دەرگای پەڕینەوەیان نیشاندام

رووی دەریاکانیان شکاندو

رێڕەوەکانیان پاککردەوە

پێیان راگەیاندم

لەوەتەی ئێوە دیوی پێچەوانەی ئێمەن

ئارام لە ناخمانا ناسرەوێ

ئەم ژیانە





پسووڵەی پەڕینەوەی.. کۆچی دەوێ

بۆیە رابردووم

لە پەڕاوێکا تۆمارکردو

شیعرەکانم..

لە مۆزەخانەی بەهارە زەرد هەڵگەڕاوەکانا

بە لێوی کانیەکان سڕییەوە

گەردی وشە بەسەرما داباری

گەواڵەی ناونیشانی دارە بێبەرەکان

بسکی بەفریان بڕییەوە

راستی بەدرۆ بنەخشێنن

ژین سەرینی شکۆ نابێ

گەل لە ژانا ئاودیو بکەنەوە

خاك ئارامگەی رەنجەڕۆ نابێ

جۆگە ئاوی پێدا نەڕوا

خاك کالآی جوانکاری لەبەر ناکا

مرۆڤ لە بەهای دابڕن

بۆ دوورگەی ژان ئالآ نابێ

شوێن پێیەکان مەسڕنەوە

هەواڵەکان بە گوێی زریانا مەچرپێنن

ئەگەر هەوارگەی رۆژانە لەکێرد بدەن

دڵ نەغمەی بوون.. لە ئاوازیا خامۆش ناکرێ

ئەگەر بڕواکان.. لە خاچ بدەن

نووری ئەزەل.. لە هەنیەی مێژوودا نامرێ

ئەم خاکە گیانێکە

لە بۆتەی شکۆیا ئەدرەوشێ

دڵێکە لەلانەی ئاراما





بۆ بانگی هەوڵدانی چەوساوە دەژێ

هەڵەتەو کەپکەی ترس مەکەنە لانە

ورشەی رێگاکان بە تارا مەخنکێنن

لە سنوورەکان بپرسن

چۆن توولە رێگاکان دەناسن

چۆن تێپەڕبوونی هەنگاوەکان

دەبنە هەوارگەی جێژوان

چۆن گۆشەی لاپەڕەی هۆنراوە ئامێز

دەبێتە لانکی باوەڕ و ویژدان

چۆن ناونیشانی شاعیری کۆڵنەدەر

بۆ لانەوازان..

دەبێتە نیشتمان

من بارم گزنگەو

رێگام پرشنگی پەڕاوە

من کەڕەوێك بەرۆکم بگرێ

دەبمە چرۆی بەهاری هۆنراوە

زاری وەلأمم پرشنگە

لە ئاگری باباگوڕگوڕ نەتۆراوم

کە ماچی کولمێکی گولێ بکەم دەسووتێم

ناتوانم تەوێلی گەرمیانیش راموسم

ئەی چی بکەین..؟

زامی عاشق.. سووتانی قرچەی دەروونە

ژانی شەیدا.. ئاوێنەی جەرگی زەبوونە

چاکتر وایە وەکو هێما

لە دوورەوە وڕێنەی ناکەسانبم

لە کاتی پێویست و شەوا

هاوڕێی مرۆڤی غەریب و ڕێ نەزانبم





هیرۆیەك لە بەرامە

چلێك لە شەکرە بەفر

گەلأیەك لە پەڕەی بیروڕای نابیناکان

تەوێلێك لە رۆخی چیا

رێگایەك لە هێلی فەرهەنگی رەشەبا

نزایەك لە نۆتەی هەنگاوی گومڕابوون

هاوارێك بلند وەك پیرەمەگرون

بەدواما سێبەری گەمیەکی بێ لەنگەرن

لانەی نۆغرۆی چۆلەکەی دەشتی (ئاغجەلەرن)

رێگاکان باریك.. سیان

دەلێی تالی پرچی سەرن

لە ورشە سلدەکەن

شەیدای پەرچەمی ئاگرن

من گەرمیانم

له گڕا خۆم دەدۆزمەوە

گەرمیان.. قەقنەسەو

له چێژی کوێستانیش نازفڕێت

گەرمیان کۆتری سوورەو

لەلانەی خوێناوا شاباڵ ناکرێت

گەرمیان مامزەو دەستەمۆی چیایە

گەرمیان هەڵۆیەو.. بەرزی هیوایە

گەرمیان نەورەسەو ئەندێشەی ژانی شاعیری تەنیایە

ئەشکەنجەی چیا

دەستێ هەڵی دەگرێ

باری قورسی چیای نەخشین

هەر گەرمیان دەتوانێ

له ئاستی خۆی ڕاگرێ



کۆچباری گزنگ ............................................................................ رۆمانه شیعر

دێیەکم له قەراخ ڕۆخانه نیشتەجێم

دێیەکم ئاوی ڕوون ناکەمه شوێنپێم

سزای زەمانه دیدەکانمی کردووەتەوە

دەزانم خاك بە چیاوە شیرینە

دەزانم گوند نەبێ هەواڵی شارەکان

لانکی دەریای وروژمی قینە

ئەو ڕەوەی لادێکانی لەسنگی شارەکان دابڕانە

دوای سێبەری دووژمن کەوتووە

ناچارییە گەردنی چەم

بە بەردی ئەلحەد دەبڕێتەوە

ناچارییە دێیەکان ناکەونە گاوڵکێ

ناچارییە ڕۆخانە سێلاوی کۆچبارە

خوێنی هەنگاوی دەربەندی لێدەتکێ

سێ وێستگە.. ئالای داد لەبەرت دەکرۆژن

سێ سنوور.. دوژمنی خوێن خۆری ڕۆژن
سێ پارچەی گەرمەسێر
لە ئاودا بێمەلە
سێ بەربەست
ڕێبازی دەستووری گەلە
هەوڵم داو تێکۆشام
لە خوێناو بەدووربم
منی گەرمیانی ناتوانم
بۆ چیا ڕەقیبی کوڵوانەی ژووربم
پەلکە زێڕینەم لەبەر کردووەو
لە هەوری خاکەلێو.. نووری خوا هەڵدەمژم
گلێنەم ئەستێرەی بەیانەو
لە مانگی تاری دوندێك دەگەڕێم





چۆن دەبێ بۆ ناکەس
کۆرپەی کوێستانی ئاواتم بکوژم
بۆیە ڕێ بەڕێ
لەبەرکی دوڵێکا گیرفانم تەمەو
پەیامی سەرم تەمی تەرزەیە
ئاسمانێك لە جوانی گەرمەسێر ڕاماوە
هەڵبەستی ڕەنگینە نەعرەتەی ئێمەیە
هۆ کوێستانچی.. کاروانت لە دیوی ئەزمڕا پشوودە
هۆ ڕابەری بەفری کەلیخان
تریفەت سۆزی ئاوازی سروودە
لە خوانی ئەمەکا ماچی نان بەراتە
لە خوانی پاکیا هەر چیا براتە
سەنگەری ناحەزان داڵدەی گوڵنادەن

هەوارگەی نامۆکان
ئاڵای تۆ هەڵنادەن
رەو مەکەن
ئاسمان کە نووری باڵاگەردانی گزنگبێ
جریوە باران بەکپی دێتەخوار
ئای کەشێرینە تەمەنی نەوگوڵی هەوار
دەنگێك لە تانك
زایەڵەی نرکەی زریانی زوڵمە
وادێ رەوڕەوەی زەمان دەشکێنێ
رازێك ئاوێنەی هەناوی گڵمە
بەرەو پاش ڕۆدەچێ
بە ئاورنگ رووی بەفراو دەگرێنێ





دەستێك بیبڕن
بەڕوویەك رەگی خۆی لە خاکا چەسپدەکا
هەنگاوێك لەگەڵا سرودی بارانبێ
چاوەڕێی مەرگی بەڵاو کۆسپدەکا
بارانە شیعرم
زریوەی وشەی
بەکۆڵا داوە
لە دەنگی گێتی بەفرو با ڕاماوە
جریوەی ئەستێرەی باخچەی نووسینم
ئاوازی دەنگی کانی پاڕاوە
زەمینەی جەرگم بەگڵ سوور دەکا
هەنگاوم مەرگی داڵاشی رقە

خۆزگەی ناخ..
بە باڵای چیایەکی دووردەکا
هەر دێم و لە ئێوە ناترازێم
هەر دێم و عاشقی مەرگێکم
سروودی نەمری بکاتە هاوڕێم
ساڵانێك وەکو ئەم رۆژ و ساتە
لە پێستەی گورگا خۆمان داپۆشی
ساڵانێك وەکو ئەم مەرگە ساتە
لە باڵای جۆگەی دوورگەی ناسۆری
دەگەڕاین بەدوای ئامانجی خۆشی
ئەوەتا وا ئەمڕۆش دەرفەتی پێشینە
ناحەزی کردووە بە تاجی سەرو
ئەوەتا وا ئەمڕۆش مەولەتی قینە
ئێمەی کردووە بەڕانی مەڕو





شوانکارەی دوژمن
لە دەرگای جەورا ئاودیومان دەکا
ئەوەتا وا ئەمڕۆیش
خوێنی کۆنەزام
بۆ چقڵی رێگا دەبێتە تکا
ئەو دارەی دەمێکە لە دڵمان رواوە
ئەو گوڵەی نیگای موولوولەو
پەرژینی چاوە
دەیکەنە کوانووی ئەسکڵی تاوان
شەپۆلی ئاگر عومری بەهارەو
دەیکەنە بەهاری دایکەڕۆی خەزان
چۆن دەبێ تەمەنی بۆ ئاوی(ئەڵوەن)
لە سۆزی عەشقی گەرمیان بێبەشبێ
بۆ دەبێ وەتەن

هەنگاوی تینووی چیای سەرکەشبێ

من بایەك لە سنگما

وەك پەڕە لوولم دەدا

گەردیلە وشە.. گوڵاو دەڕژێنێ

من دەستێك لە رەگی بوونما شینبووە

پەیامی مژدەی مێژووم بۆ دێنێ

دڵ نییە لە خاکا کفن و کۆی دامرێ

چرۆیەك نەڕوێ.. دارێك بەر نەگرێ

رێگایەك نییە ماچی هەڵوێست کا

لە جەرگی خاکا بیسڕنەوە

هەرگیز نەبووە چیایەك بکۆکێ

گردێك بە چرپە

دەستی بەرێزی بەرز نەکاتەوە





ئەی بۆچی گەلێك لە گڵکۆی ژیان

سەدان گەواهی خۆگری داوە

ئەی بۆچی گەلێك لەپێش سەختیا

سەدان لەشکری زوڵمی پێکاوە

لە بەستەی خاکی باوانیان دووربن

ئەی بۆچی گەلێك(گارەی)

بە ئەستۆی هەڵگرتووە

عاشقی خەندەی لێوی چنووربن

کەی ڕەوا شین دەبێ

دەستی ستەمکار لە دڵی بێدادان گیردەکا

کەی رەوا..

دەبێتە بەفری شەقڵاوە

کۆتایی پێدێت

قامچی توولە ڕێی ئەم کۆچ و راوە
ماسی لە ئاو دەری بهێنی
بەکلك بزوان کۆتایی پێدێ
مەلێك بەتیری ژەنگن بپێکیت
لە بێچوو لانەی خۆشی دەترسێ
ئێمە لەسکی دایکمانا بە نەبەردی خولقاوین
دیدەمان لەسەر بەردی کوێستان کردووەتەوە
بە بەردەقارەمان ناوکیان بڕیووین
ئێمە پرشنگی رۆژێکین
لە لانکی لووتکەی چیا تەریووین
چوار پارچەی گومەزی پەرستگای ژیانین
ئالوودەی تامی نان و ویژدانین
بۆیە لە چیا سەرسەختترو





لە ئاگر بەتاوتر
بۆیە لە لوتکە بڵند ترین و
لە بەفر پاراوتر
گەر دەستی گزنگ
بە کۆچمان نەسپێرێ
دەبینە خۆراکی ئەژدیهای ئاگر
بۆیە تین لە هەنگاوا
بە بەژنمان دەخەملێ
بۆیە زامی سەر شۆستەکان
داستانی نەمری باپیرمان دەڵێ
خەم نییە لە ژانی دیلێتی بە سوێتر
کەس نییە لەچینی غەریبان بێجێتر
ڕێگایەك شوێن کەڵبەی مارە

سنووری کازیوەی لە ژانا دیوە

ماڵێك لە هۆبەی رەوەندا دەناڵێ

بووەتە ئەشکەنجەی سەرکوڵمی زریوە

ژوانگەی عاشقەو روانگەی شەو ڕەوە

شەوارەی عاشقی بەدبەختەو

هەناوی زامداری دەسرازەی خەوە

پەتێك لە ئاورێشمی شەپۆلی شیوە سوور

گردێك لە کلکی وشکەڕێی سنوور

گلۆپی نیگای شەختەیان شکاوە

(بایەك) لە گەرووی پێنجوێن دەرچووە

بۆ تاسەی(چیمەن) باڵی لێکداوە

بەرەو ئەزموونی ئەم خوارە لەڕێیە

ئێمەش بە نەوای کۆچ رەنگینەوە





دڵمان شالووری خونچەی رووی دێیە

تاوێك لە باران

سروەیەك لە کەژ

هەناسەیەك لە جوانی

چلێك لە تاران

بۆ پێش وازی خۆمخانەمان وەستاوە

باری ڕەوەند دەبێ چیبێ

زاری باڕەش

بۆکێ دەدوێ

هەستن ئەم بارە

کەی بە ئێوە رەوایە

دەهەستن ئێستا کەی..؟

کاتی کردنی نوێژی قەڵایە

چیرۆك وێردی هاتنەوەیە

رۆمان باسی دانەوەیە

چیتان ماوە.. بە ئەمانەتەوە پێشکەش بکەن

چاوەکانتان بپشکنن

رەنگە دلۆپێك ئەشکی شاراوە

لە گۆشەی پێڵووی راستانا مابێ

گیرفانەکانتان بدڕن

ڕەنگە چقڵێ رێگای تیا بێ

پاڵتۆی هەور بەخوێن بشۆنەوە

بەڵکو کاکۆڵی سەری چیا بێ

نەکەن ناونیشانی شیعرەکانم

لەپێش زریانا رابچەن

نەکەن وشەی هەڵقرچاوم

نەدەن لە بەرۆکی وەتەن





گوڵ هەتا سووربێ

دیمەنی جوانترە

گڕ هەتا خامۆشبێ

هەر نیڵەی ئاگرە

لە پاکی ئێوە وانە وەردەگرم

لە خۆگری ئێوە..

زادی کۆڵنەدان دەکەمە شیعرم

دوو ریز لە شاهۆی شاباڵ سوور و ڕەش

ئاسمانی هیوایان تارماییی بایە

دوو پۆلی دووری مەلی دڵشکاو

رێگای پرشنگیان لە ئەستۆدایە

هەردوو رێڕەویان بانێژەی بەفرە

هەردوو لە هەوڵان بۆ خەمێك گەورە
دەترسم نێشی زریانی ئەم شەو
لێکیان دابڕێت هەر یەك بۆ لایە
ئەوکاتە نەغمەی چڵی ئەرخەوان
نابێتە دەنگی سەدای نیشتمان
چیا بسرەوێنێ بە بەستەی لایە
بۆیە قەڵەمکێش ئەستۆم دەپێوم
بە بەرزی لوتکەی خۆزگەی مێژینەم
بەڵکو دوا نەخشەی هەتاو بناسم
لە گەرووی زامی ئەگریجەی سینەم
خەوێکەو خۆزگەی شیلەی هەوڵدانە
بیرێکەو بۆ گەل بووەتە ئەفسانە
بەڵام ئاواتم روون و دیارە
بڵندە وەکو گەردنی یارە





هەنگاوێکی کورت پڕ سۆزی راستی
ئازووقەی گیانە بۆ خۆشەویستی
کفنێك بە باڵای هەڵگورد دەدوورم
لە وشەی بەفرو.. چرۆی کازیوە
خۆزگەیەك شیرین لە هەسارەی گیان
دەکەم بەئاڵای رۆحی ئەو شیوە
کاتێك کەمێشکم کۆچبکاو بڕوا
دەکەومە دوای پاکی بیروڕا
هەرگیز کوڵمی گوڵ بە شیعری خوناو
ناکەمە مێژووی ناسنامەی هەتاو
وەکو چۆن سەنگین لە ورشەدایە
کفنی هەورەو پرچی ئاسۆیە

شیعرم یاداشتی بەرواری ڕۆژە
دالّدەی کەساس و واری نامۆیە
لە گۆشەی بەزین.. گەلێك بە بەڵێن لانکی نوچدانە
خەونێك تارمایی تاسەی برسییە و ئالوودەی نانە
چریکەی دەنگی خوناڤی دادوەر.. سەدای راستییە
شەوگەڕی.. کووچەی شەقامی مەبەست
دەسرازەی خەمی بەفری سپییە
دوو هاواری سۆز..
رووکەشی درۆی زایەڵەی دادە
چەند رێگا زامی دەروونی کۆسپە
چەند چیا بوخچەی خاکی نەدارە
شەوێك گوللەیەو
دوشەو گۆڕینی بنەو کۆچبارە
تروسکەیەك نیگای دڵ





لە دیدەی دوندا روون دەکاتەوە
شەختەیەك لە ژێر زەبری پێلاوا
بۆ زامی هەنگاو
جەستەی ئاو و گڵ رووت دەکاتەوە
ئەمە زەمەنی هەوڵدانەو
دڵ لە بۆسەی سنگا لێدەدا
ئەمە رۆژگاری نەبەردی یەو
گلێنە لەژێر پێڵووی زەبرو زەنگ
بۆ نانەڕەقێك، قووتوویەکی شیر، دانەی برنجێك
بەمەرگی گیان و چاوان بانگ ئەدا
رەوێك لە بیرا..
دەروازەی دڵی خوناو کردووە
هزرێك بۆ پاڵەی ئەم کاولە ئاشە
زادەی ئادەمی لەکەلی مەرگا پەیوەست کردووە

بۆیە دالّدەیەك لە بوون و مافمان
وەك بۆنی تووتن قووڕگمی گرتووە
بۆیە پێنووسێك لەبۆتەی خوێنا
بەكزەی دەروون چنگمی گرتووە
لە ڕەشبینی و شەبای ڕاستی
كاردانەوەی بەروارمان دەپێوم
لە ڕەشبینی ڕووانگەیا
هاواری پاكی دەنگمان دەژمێرم
لە تەمەن مەپرسن..
بەقەد ژمارەی كۆچبارمان ماندووە
لە گزنگ مەپرسن
تەنانەت خۆریش لە ئاستی ئێمە
سیمای گەلێكە ناخی مردووە
دوو بەرد لە چیا





گەڵای دارگوێز و ترێ دەهاڕن
دوو بەرد لە خەوا
مێژووی ئەم گەلە دەگوێزنەوە
دەیدەن بە وێستگەی پشووی كۆچبارێ
پابەندی كەلێن.. دەروازەی شكۆ
هەر تەفرەی ژینەو
نووسانی دەنگی خۆر و چیایە
هەڵاتن مەرگی پەپوولەیەكە
دارمەیت خۆزگەی شنەی هەوایە
بارگەی هەوارگەی سەمای ئاڵایە
دوو دوندی سەختی نێوان شارەكان
دوو ڕای جیاوازی لە كەنار مەلاس
دوو برا یەكدی ناناسنەوە
دەگەڕێن لە دوای سەرجەلەو پێناس

دایکێك بووەتە دوو لانکی سووتاو

لە وێرانەی خاك.. هەنسکی نەرمە گەڵای بزافە

دایکێك لە چلا.. مێژووی دەکڕێ و

لە ڕەگی گڕا.. پرچی دەسرازەی چیایەك زراڤە

لە قەترەی ئابڕووی وردە ئەشکی گوڵ

لە گەردی هەوای ئەسرینی دلۆڤانا

سێدارە.. دانەی ئەگریجەی کۆرپەیەو

بارانێك پرچی ناکاتە شانە

ئەوەتا لەدەستەکانی خۆم ڕسکاوم

لە پەنجەی پێیەکانم ورد دەبمەوە

بە نووکی پێنووسەکەم کڵکۆ هەڵدەدەمەوە

لە ڕوومەتی پێنووسەکەما بزردەبم

ناوی خوێنەزام نادۆزمەوە

وەلێ نەخشەیەك جەنجاڵ وەك بێشە





شوێن پێی هەنگاوەو کۆچباری ونەو

دەروازەی نێشە

وەك هیوایەك لە کۆردەرە تۆراوە

خوێنی گزنگی بەرواری بوونەو

لە کوانووی مافا.. ئەلبوومی ڕۆژی نێو خۆڵەمێشە

ئەمجارە دەڕۆن

دەبێ بزانن لانەی سەنگەرتان

لە زامی کام چیا.. بە گیان هەڵبەستن

ئەمجارە دەڕۆن

دەبێ بزانن کام وردە ڕێگا

لەپشتی دەستی ڕۆژگار ببەستن

پەیژەی نابینایی لەکەلی ڕۆژگار بەرزمەکەنەوە

بەدوای سێبەری مەلێکا مەڕۆن

لە دەریای زوڵمتان نزیککاتەوە

ئەمەیە دەستووری خێڵی قەرەجان

ئەمەیە وێردی شەوگاری كوێستان

ئەی نابینن قەتێكان لانەی خۆیان چۆن دەپارێزن

ئەی نابینن ژانی خاك

چۆن دەبێتە جۆگەلەی ئاوو

هەودای كارێزن

وروژمی مافتان.. شكۆفەی لالەی بیرو ویژدانە

نركەی رێڕەوتان هەست بزواندنەو

زەبری ویژدانە

ڕێكەون.. رێگای لاوەكی بەخۆوە مەگرن

توێشووی سەفەرتان وردە كاغەزەو

زەبەنی داخی (ئاڤێستای) سۆزە

سەرابێك لە مان زاری چیایە





چاووگی ئاشتییە و..

خنكاوی شەقڵی خەرمانی تۆزە

پاساوی ساباتی گەرد و لم دەكا

شاعیر دەروونی.. رووگەی رێگایە

ئەمجارە ئەگەر چوونە شارێكی غەریبان

بەخوێنی زادی چەندساڵەی ڕەوتان

نەخشەیەك لەسەر جەرگی گوڵ دانێن

وەكو دارگوێزی كەنارێكی مەنگ

سروودی مانی ئالآی رۆژ بڵێن

زریزەی بیری گەلێكی دانا

خۆری لانكی ئاسۆی مەرازە

هۆشمەندی مێشكی میللەتێ نەبەرد

هەتاو دەكاتە لانك و دەسرازە

ئەو گەلەی گیانی

غەرقی بڵێسەی پاکی و جوانییە
ئەو گەڵەی دڵی خەونی کەسکۆڵەی
ئاڵای بەفروبای داغستانییە
کێ شەوێك لە گۆشەی دەروونی بتارێ
ڕۆحی وەك کۆتر بۆچڵێك بگرێ
بەرەو لانکی چیا هەڵنافڕێ
ڕۆژگار ئارامان پێنادا
خولیای ئاوەدانین
ئالوودەی بەردەوامی و
ژیانێکی شکۆدارین
ناهێڵین هەتاو
ببێتە بەستەی لایلایە
لەنێوانی پیرۆزی و بوونمانا
خوێنمان لە خەوش پاکدەکاتەوە





بۆ عەشقێکی بێ مەئوا
حاڵ داماندەگرێ
سەروسیمامان لە ناخمان جوودایە
هەموو ڕێگایەکمان بەربەستە
زریوەی شیعرمان ماچی ناچارییە
رازەکانمان تەل و داوە
کۆچ و بارگەی هەست و ویژدان و هەتاوە
لە دەمارەکانما
چەندان وێنەی هەتاوم دروست کرد
هەموو جەستەمیان پشکنی
پێستمیان کردە گیرفانی پرسینەوە
بۆیە خۆر وەکو پاساریەکی پێ شکاو
شاباڵەکانی بەیەکاداو.. لە جەستەم تۆرا
تاریکی خوێناومی گرتەوە

وشەکانم بەدوای ریزە رستەیەکا
بۆ شیعرێکی پەپوولەیی بوونە تارا
شیعرێك جۆلانەی هەست نەبێ
جریوەی ناخ لە بولبولی نیاز ناگا
شیعرێك ناواخنی بیرو ویژدانی مرۆ نەبێ
لە زمانی شاعیرەکان حاڵێنابێ
ئەوەندە گۆرانیم بە باڵای گزنگا وتووە
ئەوەتا لێمدەگەڕێن و..
دەیانەوێ زمانم بەگڕ هەڵواسن
ئەوەندە جۆگەلەی کۆچ لە ناخما
تاڤگەی بانگەوازی بەڕێخستووە
هەر بە پەرچەمی لێشاوەکان دەمناسن
خەمێك لە دڵما سەر دەکا





چیایەك لە خەون داگیر دەکا
نە لە کۆڵۆانەی بەفر تێر دەبێ
نە دەتوانێ ماچێکی کوڵمی رۆژ بکا
دەسرازەی پێدەشتەکان
باسکی دوندەکان توند دەگوشن
هەورە.. بابردەکان خوێنی کازیوە هەڵدەمژن
بۆیە تارماییيەك.. لە ناڵەی زریان
سەمایەك لە لقی دار ژاڵەی گوێی چەمان
شیری پەیڤی دوور..
لە مەمکی ئەستێرەی رەوێکا دەنۆشن
بۆیە ئەستێرەکان لە هەورا خنکاون
تینووی ناسنامەی کاروانی کۆچن
بەترپەی زەمین.. تیلەی هەوربووە تیشك

بروسکە لە گیرفانی ئاسمان پەلاسبوو
شەوێك لە پرسەی ئەستێرەی بێ نەوا
بووە گەواڵەی حەزێکی تووڕە
دەستی خستە مل گەردیلەی هەرا
دەریاکان ئاوێنەی خەرمانی مان گرتن و
لێشاوەکان پەرچەمی ئەسکڵی ژانبوون
کوانوویەك لە گەرووی ئەشکەوتی کاروانسەرا
بۆ ژانی زارۆکان کردبووی بە شەوبا
هەر پێبوو.. لە جەستەی وەڕس بوو
دەستەکان لە بەفرا مردبوون
ئەمە سزایەکە بە چارەی چیاوە لکاوە
ئەمە نیمچە مەرگێکە بۆ یاسای بارێژە
بەزەبری پیلان هاتۆتە دونیاوە





ئای لە بەزمی زەردەزیڕەی خوێنمژی گێتی
ئای لە هەڵپەڕکێی گیانەڵای مردن
کاتێك نەوای رۆژ شەقژی دڕکێتی
لە سنوور دەستەکانم
نەیاندەویست ماچی تەلبەند بکەن
لە سنوور دەستیان دەنا بە ڕوومانەوە
نەخۆشخانەکان رەشماڵی کەوبازی و فڕکەبوون
پزیشکەکان بارزگانی کۆنە فرۆش و
قەسابی رانە مرۆی رێڕەو بوون
چۆن وچان لەدەستمان.. ماڵوێرانی نەوەکانە
چون رێگا بۆ تابووتی پیرە ڕاکان
لە شەوبای گەرووی خەما دەیزریکان
کێ گوێ لە نامۆ و سەرەڕۆ دەگرێ

کێ ڕوومەتی لە هەنسکی خۆر سوور دەکا
کێ باسی خنکاندنی گەلێکی ژێردەستە و
بەفر و باو نوور دەکا
شەو لەپاڵ نزرگای بەدفەڕا
شەو لەنێو دووکەڵی پێنووس و دەفتەرا
لە مەرگی مناڵ و گوڵ و چیا دەمڕوانی
لە نرخی ئەو کۆچە دەترسام
تەرمی خۆر مزگێنی گزنگ بوو
خۆزگەی گەلێکی خستبووە سەر شانی
عەشق لە سەروسیمای شاعیر نیشتووە
خۆر دڵداری لە دڵیا برینە
ناخ لە رووکەش دەترسێت و
عاشقان نکوڵی لە ئەوین دەکەن





کێ دەتوانێ ڕێگایەك بگرێتە بەر
لە نووشستیا نەخنکێ و
بارخانەی کۆچی وەرنەچەرخێ
بەرۆکی زریوە نسێی زەبەنە
وشە لە رووگەی ناخا دەوەرێ
لە پۆپەی چڵ و پۆی سووتاوی کۆششا
لە ئامێزی گولیلکەی خۆزگەی کەسکۆڵەی نزایا
رازەکانمان قەدپاڵی گڕگرتوویان کردبوو بەسایا
گەردانەیەك لە نوور
تارایەك لە گوڵە حاجیلەی روو سوور
بەفری شەکاوەی دوندیان رادەدا
ژینێك لەبرەو
ڕێگایەك لە پاکیزەی خەمخانەی ڕێڕەو
دڵێك لە هەوری کوێستانی بەفرماڵ

داوێك لە رستەی شاباڵی هەواڵ
سارایەك لە ناونیشانی چیای کۆڵنەدان
عەشقێك خەناوکەی گزنگ بوو
تیشکی داماڵی
لەبەری بەفری سووتاوی کوێستان
رانەمەڕێك لە لەوەڕ کەوتبوون
چەند منالێك لە قلێشی چیاکان
بیّ دایك و دەست و سەر بوون
تراژیدیای.. کۆچێکی شەهیدستانە
تابلۆی خەمان سیروانێکە
جۆگەی رازمان.. ئاوەڵناوی قینە
لەم سەرابستانی پێدەشتەدا
دایك لە لایلایە ئۆخەی ناچنیّ
منالّ لە کۆشی نەرمە گیایا ناسرەویّ





لاوان لە عەشقی نیگاو دڵ دابڕاون
ئەمە ژەندرمەی نەوای کۆچێکە
ئاگای لە گزنگ نەماوە
لە هەتاو بێبەشە و
لە خاکیش تام و بۆی دارگوێزی سووتاوە
شیعرەکانم بە ئەمەکی خاك و خۆڵ گیرسانەوە
لە گۆشەی حەشارگەی ماڵەکەما
بۆ گەرمە نیگایەك بریسکانەوە
چەند مانگێك ئالوودەیی ناخیانی دەخرۆشان
چەند مانگێك.. نەهاتن بەدوای هەنگاوما
نیگاری ئەندێشەی هەناومیان دەنەخشان
نەترسان لە مەرگ جودایی و تەنیایی
نەترسان لە دەستێك گریان تێبەردا
دەیانزانی رۆژێك دەگەڕێمەوە

دەیانزانی ئەم کۆچە

دەستدەنا بەڕووی شەوڕەوی ئێمەوە

بەیانییەك..

هەواڵی مانەوەی کۆرپەکانم زانی

بەیانی یەك مژدەی مەزنبوونی شیعرەکانم

بوون بە پەیامی عەشقێکی یەزدانی

بست بەبست ژیانی غەریبیم

خستە ژێر کامێرای سەنگەر

زانیم لە کۆتر ئاشتی خوازترم و

لە بایەقووش شوومترم

زانیم کەمن ولاتم لە دامێن دابڕن

لە گۆشەی شیعرێکما ناسنامەم هەڵدەبچڕن

ئەوەتا بەقەد هەنگاوی جالجالۆکە

لە تەونی گومڕاییا..





شەنوبای خۆم دەکەم

ئەوەتا لە دامێنی.. ڕەشماڵێکی سك سووتاوا

مەترسی لەزەبری هێرشی رۆم دەکەم

بەدوای کۆچبارا ئاوارەبووم و

گزنگ نەیدوانم

لە کووچەی ژانا.. بڵند ڕاوەستام

چیایەك پرشنگی نەکردە زادەی بەرواری مانم

بۆیە وەکو پەڕەی شیعرەکانم

لە ژێر نەعرەنەی چیای خنکاوا

ناخم لە تریفەی دوکان بێبەشە

بۆیە کە ناوی کۆچێك دەبیستم

هۆنراوە دەکەم بە خۆشەویستم

هەوارگەیەك خۆزگەکانم لە باوەش دەگرێ

بووەتە بارگەی لەنگی و دەیجووریی

هەڵێك لە دڵی بەیبوون شینبووە
دەیکەنە سۆزی بەرەی ناسۆری
گوڵ کوانێ لە نەمام بڵند تر
مەل کوانێ لە شاعیر ڕەوەند تر
چڵ لاسکی نەناسێ
ڕەگ نرخی جوانییەکەی نازانێ
پەپوولە لە بۆنی شیلەی گوڵ تێنەگا
شەونمێك تینوێتی ناشکێ
لە باری تەوەلای دوورگەی بێچارەم
لە ماڵی کاولبووی قەرزاری ئەم شارەم
هەر کۆچە..
شوێن پەنجەی تەمەنمی ناسیوە
هەر مەرگە بە باڵای پرشنگمیان بڕیوە
لە خۆرا ئاوێنەی خەڵتانی خوێنم





ڕووباری کۆچبارە
بەدەریا نەبووین و
کۆتری تەمنمان
هێلانەی گلێنەی ڕێبوارە
یادگاری خەم لە دڵا دەڕوێنێ
کۆنەزام..
هێلانەی خۆزگەکان سوور دەکا
ژانی جەور..
لە قژی بروسکەی هەور دەکا
زەمانێك.. زمانمان
گەردانەی هەناسەی سروشتبوو
ڕۆژگارێك پشتێنی چیامان لە پشتبوو
ساڵانێك پەرچەمی گزنگمان لەمشتبوو
چقڵ نەما پێستەمان نەگەستێ

ڕێگا نەما..
لێشاوی بە خوێنمان هەڵنەستێ
خۆر دوورە و
بە رۆژیش ناتوانین بیدوێنین
تاریکی چاوەزاری توێشوومانە
ئەمەیە فەرهەنگی بیرورِای بوون و مان
ئەمەیە شەوەزەنگی شاسواری نیشتمان
تۆ گەردێك لە لرفەی شەوبایەك هەڵواسە
تۆ نوورێك لە چڵی دارگوێزێك بتاشە
تۆ مەرگێك لە تابووتی کانییەکا ئاوبدە
تۆ ڕەوێك لە خاچێکا هەڵکەنە





تۆ دەستێك لە گیرفان ڕەشەبا بدە
ئەوکاتە دەزانیت
چەند کۆچبار
ناسنامەی گزنگی تەمەنە
باڵدارێك نییە..
ساڵ وەرزی نەگۆڕێ
لانەی هەوارگەی بپێچێتەوە
جۆگەیەك نییە.. لە چەم دابڕن
بەرەو سەرچاوەی بگەڕێتەوە
گزنگ تۆراوە
دوای کۆچی خۆری مافمان کەوتووە
گەلێك لە دوژمن سڵنەکاتەوە
گەواهی نەمریی پەڕەی مێژووە